گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# باکوری ئەفریقیا لە کتێبەکەی ئیبن سەباحی شاتبیدا

**شەرمین کەریم عەبدولرەحمان**
بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق
Sharmen.abdulrahman@su.edu.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٢/٤/٢٧
پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٦/٢٩
بڵاو کردنەوە: زستان ٢٠٢٢

**ووشە سەرەکییەکان:**
The Trip, North Africa, Islamic State, Knowledge, City

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.7.4.4

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە لە ژێر ناونیشانی باکوری ئەفریقیا لە گەشتنامەکەی ئیبن سەباحی شاتبیدا، کە زیاتر توێژینەوەیەکی شیکاریە، ئیبن سەباحی شاتبی ئەندەلوسی لە سەدەی حەوتەمی کۆچی / سێزدەمی زایینی سەردانی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کردووە ئەو کاتەی کە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی لە ژێردەستی دەوڵەتی ئیسلامیدا بووە، بەڵام ئەندەلوس ئەو کاتە کەوتبووە ژێر فشاری نەسرانیەکان، دیارە ناوبراو هەرچۆنێك بووە هەوڵی داوە خۆی بگەیەنێتە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات ئەمە لە کاتێکدا گەشتننامەکەی بە (رحلة الحجازية)ش ناسێنراوە، چونکە ئاماجی سەرەکی لە گەشتەکەیدا سەردانی کردنی ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و بەتایبەتیش ناوچەی حیجاز بووە، بە مەبەستی حەج کردن، بۆیە هەر ناوچەیەك کە گەشتی بۆ کردبێت هەوڵیداوە وردەکاری ئەو ناوچانە بخاتەڕوو و لە هەموو لایەنەکانی مەعریفیەوە، چ لە دەرخستنی سنوور و شارەکان و باس کردن لە ڕووی مێژووی ناوی شارەکە و تەواوی لایەنەکانی دیکەش، لێرەدا ئەو توێژینەیەوەی دابەش دەبێت بەسەر چەند باسێکدا لەمانەش: باسی یەکەم باس لە ڕەوتی ژیان و میتۆد و ڕێبازی گەشتنامەکەی ناوبراو کراوە، هەروەها لە باسی دووەمدا باسی باکوری ئەفریقیا لە گەشتنامەکەدا خراوەتەڕوو، کە ئەویش باس لە تەواوی ئەو وڵات و شارانە کراوە بە گوێرەی باشەکانی کتێبەکە کە هەریەك لە مەغریب و تونس و لیبیا و جەزائیر و میسر کراوە، هەروەها باسی دیارە سروشتیەکان و سیما و رواڵە تە شارستانەیتیەکان و مۆرك و داب و نەریتەکان کراوە

## 1. پێشەکی:

یەکێك لەو بوارە گرنگانەی کە بەتەواوکەری کتێبە مێژوویەکان هەژمار دەکرێن کتێبە گەشتنامەکان و گەریدەییەکانن، ئەمەش بەهۆی هەبوونی پەیوەندیەکی هەمەلایەنەی مەعریفی و جوگرافی، چونکە زۆر جار ئەو زانیاریانەی لە نێو گەشتنامەکاندا تۆمار کراون لە سەرچاوە مێژوویەکاندا دەست ناکەون، هەر لەو پێودانگەشەوە ئێمە گەشتنامەیەکی گرنگی هاوشێوەی گەشتنامەی شاتبی ئەندەلوسیمان هەڵبژارد وەك ناونیشانێك بۆ بابەتی توێژینەوەکەمان، ئەوەی گرنگە ئەو گەشتنامەیە لە جیاوازی زۆرە لەگەڵ گەشتنامەکانی دیکە چونکە خاوەنی گەشتنامەکە هاوشێوەی کتێبەکانی دیکە, ئەو کتێبەی خۆی تۆمار نەکردووە, بەتایبەت لە بابەتی دابەش کردنی هەرێمەکاندا بگرە بۆ هەر ناوچە و شوێنێك گەشتی کردبێت لە کتێبەکەیدا تۆماری کردووە،  بەتایبەتیش ئەو ناوچانەی کەتوونەتە سەرەرێگای گەشتەکەی کە زیاتر ئەو گەشتنامەیە بە (رحلة الحجازیه)ش ناسراوە، چونکە ناوبراو مەبەستی لەو گەشتەدا سەفری حەج بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەردانی هەندێك ناوچەی کردووە کە لەسەر ڕێگای حەج نەبوون بۆ نموونە سەردانی ناوچەکانی کوردستانی کردووە، زانیاری دەربارەی ئەو ناوچانە تۆمار کردووە کە بینیوویەتی.

لێرەدا ئەوەی گرنگە ئەوەیە بەدەر لە ناونیشانەکە و دیاری کردنی ئەو شوێنەکەی کە بۆتە بابەتی سەرەکی توێژینەوەکەمان، هەوڵدراوە لایەنی میتۆدی ئەو گەشتنامەیەش بخرێتە ڕوو، چونکە ئەو کتێبە کتێبێکی گشتگیری هەمە لایەنەی مەعریفیە، ئەگەر چی کەمتر باسی ڕووداوە مێژوویەکانی تێدا جێگا کردۆتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەتەواوکاری کتێبە مێژوویەکان هەژمار دەکرێت کە لێرە و لەوێ لەبارەی زۆرینەی ئەو شتانەی بینوویەتی ئەوانەش کە لەخەڵکی دیکە وەری گرتوون باسی لێوە کردوون.

هەندێك لێکۆلینەوەی دیکە لەسەر گەشتنامەکە ئەنجام دراون، لەوانەش  صفاء عبدالله برهان، الاخر في ادب الرحلات عند الاندلوسيين المدجنين ابن صباح الشاطبي نموذا, هەروەها نامەیەکی ماستەری بڵاونەکراوەی رحاب ماجد جودة، صوره الاخر فی ادب الرحلات الاندلوسیه، ابن صباح نموذجا ، بەڵام لەڕاستیدا هیچ یەکێك لەو لێکۆلینەوانەی دیکە هاوشێوەی ئەو توێژینەوەیە ناوچەیەکیان دەستنیشان نەکردووە و بە وردی شینەکراوەتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە زیاتر باسی فەلسەفەی زمانەوانی گەشتنامەکە کراوە،  لەگەڵ ئەوەی کارکردنە لەو جۆرە بابەتانە لای مێژوونووسانی کورد کەم ئەنجام

دراوە، سەربارى ئەمەش حەز و خولیاى توێژەر بووە بۆ پەى بردن بەو بابەت و ناوچانەى کە دوورن لە ئێمەوە بۆ ئەوەى بتوانین شارەزاى ئەو ناوچانەش بین و هەڵیانبسەنگێنین لە دید و ڕوانگەى گەڕیدەکانەوە.

بێگومان کارکردن لەسەر هەر تەوەوەر و بابەتێك کە بکرێت بە کارنامەى توێژینەوەیەك ئەوا کۆسپ و تەگەرەى هەر تێدەکەوێت، و یەکێك لەو کۆسپانەش ئەوەیە زۆرێك لەو سەرچاوانەى کە تایبەتن بە ژیاننامەکان لەبەر ئەوەى ناو کەسایەتى بەشێك لە گەریدەکانیان نەناسیووە ئەوا باسیان لێوە نەکردوون ئەمە بۆ زۆرێك لە نووسەرە ئیسلامیەکان هەر ڕاستە، بەتایبەتیش گەڕیدەیەکى وەکو ئیبن سەباحى ئەندەلوسى ئەوا شتێکى تەواو ڕوونە چونکە ناوبراو هیچ زانیارەیەك دەربارەى ژیاننامەکەى بەردەست نیە، چونکە ناوبراو لە ماوەى گەشتەکەیدا زۆربەى شتەکانى تۆمار نەکردووە بەڵکو دواى گەرانەوەى بۆ ئەندەلوس جارێکى دیکە زانیارەیەکانى تۆمارکردۆتەوە، کە بەگوێرەى زۆرێك لە هەڵسەنگێنەرانى گەشتنامەکە هەم بەشێك لە ڕووداوەکانى نێو کتێبەکە بە تێکەڵ پێکەڵ باس دەکەن هەمیش ئەو زمانەى بەکاریهێناوە لە نووسینى گەشتنامەکە هەڵەى زۆرى تێدایە لە ڕووى زمانەوانیەوە، چونکە ناوبراو هەم لە ئەندەلوس لەدایك بووە کە دوور بووە لە جیهانى ئیسلامى هەم لەوێشدا کۆچى دوایى کردووە.

سەبارەت بە کرۆکى ئەم توێژینەوەیە ئەوا دابەش کراوە بەسەر پێشەکى و دوو تەوەرە و ئەنجام و لیستى سەرچاوەکان و پاشکۆ.

لە تەوەرەى یەکەم باسى ژییانامەى ئیبن سەباحى شاتبى و دواتر باس لە میتۆدى گەشتنامەکە کراوەتەوە، بەڵام لە تەوەرەى دووەم باس لە باکورى ئەفریقیا لە گەشتنامەکەدا کراوەتەوە : کە هەرەیەك لە وڵاتەکانى مەغریب و ئەویش شارەکانى سەبتە و مەراکش و فاسى باس لێوە کردووە، هەروەها باسى لە ناوچەى بەنى عەبدوالواددا کردووە و هەریەك لە شارەکانش تلمیسان و وەهرانیشى ئاماژە پێداوە و لەدواى ئەمەش باسى ناوچەى حفسیەکانى کردووە هەریەك لە شارەکانى توس و بجایە و بەلەد ئەلعیناب و باجە و قەیرەوان و شارى قەفصەشى ڕوون کردۆتەوە، دوا بە دواى ئەمانەش ناوچەى تەرابلوس و هەریەك لە شارەکانى دواى هەموو ئەمانەش باس لە وڵاتى میسر و هەریەك لە شارەکانى ئەسکەندەریە و شارى بلبیس کراوە، دواتر لە خاڵێکى دیکەدا باس لە چونیەتى ناوهێنانى شارەکان کراوە ئنجا باسى هەندێك لە شارەکان لەڕووى مێژوووى و سیاسى و سەربازى کراوە، هاوکات

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

باس لە بارودۆخی ئابووری و هەریەك لە ئاژەڵداری و كشتوكاڵ و بازرگانی و هەروەها باس لە دیاردە سروشتەكان لە شاخ و دۆڵ و دەشتایی و سەرچاوەكانی و ئاوو ڕووبارەكانیش كراوە، لە دوای ئەمانەشەوە باسی ڕواڵەت و سیما شارستانیەتیەكانی باكووری ئەفریقیا كە هەریەك لە دامەزراوەكانی وەكو مزگەوت و قەڵاو هەورەها باسی ڕەوتی زانستی و داب و نەریت و مۆركە كۆمەڵایەتیەكان و لایەنی ئایینی خراوەتەڕوو.
دیارە هەر كارێكیش زادەی عەقڵ و دەستی مرۆڤ بێت ئەوا بەدەر نابێت لە كەم و كورتی هەرچەندە توێژەر هەموو هەوڵێكی خستۆتەگەڕ بۆ ئەوەی ئەم توێژینەویە كەمترین هەڵە یاخودهەر هیچ نەبێت بە دووری بگرێت لە هەڵەی گەورە، لە كۆتایشدا تەواوی ڕەها تەنها بۆ پەروەردگارە.

## 2. باسی یەكەم: ژیانامەی ئیبن سەباح و میتۆد و ڕێبازی نوسینی گەشتنامەكەی:

### 2.1: ژیاننامەی ئیبن سەباحی ئەندەلوسی:

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئیبن سەباح لە نێو هیچ یەكێك لە كتێبە ژیاننامەكان ناوی نەهاتووە، بگرە زیاتر نوسەرێكی نادیارە، هەرچەندە زۆرێك لە نووسەرانی ئەندەلوسی و مەغریبی ئەو كاتە كە ئەگەر زانیاری زۆریش نەبێت لەسەریان ئەوا بەلایەنی كەمەوە شتێك لەسەریان نوسراوە و ئاماژەیان بۆ دراوە، هاوشێوەی ئیبن جوبەیر[1] و ئیبن بەتوتە[2] و ئیدریسی[3] و قلسادی[4].

[1] ئیبن جوبەیر: ئەو حوسێن موحەمەد كوری ئەحمەد جوبەیری كینانیە لە (614 ك/ ز ) مردووە، لە شاری بەلنیسیە لە دایك بووە و زانیاری زۆری لە باوكیەوە وەرگرتووە و لە شاری شاتبە و یەكێك بووە لە زاناكانی لەندەلوس لە بواری فەرمووده و فیقهدا. بۆ زیاتر زانیاری بروانە (جبیر، 1900، ص 5).

[2] ئیبن بەتوتە: ئەبو عەبدوڵا موحەمەد عەبدوڵا لەواتی تەنجیە، لە ( 779ك/ ز) مردووە، كە ناسراو بووە بە ئیبن بەتوتە، كە گەشتەكەی لە ساڵی ( 725ك/ ز) دەست پێ كردووە، لە ساڵی (754ك/ز) گەشتەكەی بە كۆتا هێناوە. بۆ زیاتر زانیاری بروانە ( اب بطوطة، 1987، ج1، ص9).

[3] ئیدریسی: ئەبی عەبدوڵا موحەمەد كوری موحەمەد كوری ئیدریس حەمودی حەسەنی كە ناسراو بووە بە شەریف ئیدریسی، لە ساڵی (559ك) كۆچی دوایی كردووە بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ (عبدالرحمان، نامەی ماستەر ، 2016).

[4] قلساندی: ئەبی حەسەن عەلی كوری موحەمەد قورشی ئەندەلوسیە، لە ساڵی 891 ك ز مردووە بۆ زیاتر زانیاری بگەڕێوە بۆ (القلصادی ، 1978، ص 7).

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەربارى ئەوەش محەمەد بن شەريفەى لێكۆڵەرى كتێبەكەى ئاماژە بەوە دەدات كە ناوبراو هيچ زانيارييەك دەربارەى نيە لە نێو كتێبى ژيياننامەكان. بەڵام ئەوەى دەتوانين لێى تێبگەين لە هەندێك نوسيەكانى ئيبن سەباح دەمانگەيەنێت بە هەندێك وردە زانيارى, وا دەردەكەوێ كە ئيبن سەباح خەڵكى يەمەن بووە لە بنەرتدا, و لە نەوەكانى ئەبرەهەى كورى سەباح[5]بووە، ئەوانە لە مێژووى شارى مەككە ناويان دەهێنرێت.

وا ديارە ناوبراو لە شارى شاتبى لە رۆژهەڵاتى ئەندەلوس لە دايك بووە، و هەر لەوێشدا گەورە بووە، لە ناوەراستى سەدەى حەوتەمى كۆچى/ سەدەى سێزدەيەمى زايينى، هاتنيان بۆ شارى شاتبە لەساڵى (644ك/ 1256ز) بووە كاتێك موسڵمانەكانى ئەندەلوس كەوتنى ژێر دەسەڵاتى كريستيانەكان ياخود بوونە بەشێك لە كريستيانەكان كە ناسران بە مودجنينەكان، ئەم گەشتەشى لە نيوەى دووەمى سەدەى هەشتەمى كۆچى/ چواردەهەمى زايينى ئەنجام داوە.

لەلايەكى ديكەوە باسى لەوە كردووە كە ماوەى دوو ساڵ لە شارى وەهران لە ناوچەى بەنى عەبدولوادادا ژياوە كە لەوێدا نەخۆش كەوتووە هەروەها دەڵێت: (( دوو ساڵ نەخۆش كەوتم و نەمتوانى بجمە دەرەوە، هيچ رۆژێك بێ نانى نيوەرۆ و شێوان سەرم نەناوەتەوە، هەموو رۆژێك پارە و بەرهەمى كشتوكاڵيم بۆ هاتووە، كە ئەمەش لە فەزلى خودا و خەڵكى وەهران بوو)) (الشاطبى، 2008، ص 95).

لە لايەكى ديكەشەوە باسى خۆى دەكات كە چۆتە تونس و ماوەى سى رۆژ تێيدا ماوەتەوە كە دەڵێت: (( رۆژگارى پێگەيشتنى ميوەجات بووە)) (الشاطبى، 2008، ص 100).

2.2: رێبازى نوسينى گەشتنامەكە:

ئەوەى جێگەى تێبينيە شاتبى ئەوەندە گرنگى بە نووسين و دابەش كارى هەرێمەكان نەداوە بگرە ئەوەى ويستوويەتى زياتر باس كردنى ئەو ناوچانە بووە كە پێيدا تێپەريووەو گەشتەكەى ئەنجام داوە، هەرچەندە هيچ زانيارييەكى دەربارەى هۆكارى نووسينى گەشتنامەكەى و هۆكارى هەڵبژاردنى ناونيشانەكەى نەخستۆتەروو، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا زانيارى زۆر ووردى دەربارەى ئەو ناوچانە، تەنانەت لە باسەكانيدا جۆرێك لە لێكچواندنى بۆ زۆرێك لە ناوچەكاندا كردووە... بۆنموونە ئاماژەى

---

[5] ئەبرەهە كورى سەباح: پاشاى حەبەشە بووە و هەوڵى دا مەكە داگير بكا و كەعبەش برۆخێنێ لەسەردەمى نەزانى دا. المعافري، 1928، ص 139).

بەوە داوە کە شاری سەبتە هاوشێوەی ئەندەلوسە لە زانیاری ڕووی شارستانیەت و جل و بەرگ و داب و نەریت (الشاطبی، 2008، ص 78). هەروەها زۆر بەوردی باسی ناوچەکانی کردووە لەڕووی وەرزی بەرهەم هێنانیان و لە ئاو و هەوا و باسی خاك و سەرباری ئەوەش زۆر گرنگی داوە بە داب و نەریتی ناوچەکان و هەڵسوکەوتیان.

ئەوەی تێبینی دەکرێت شاتبی سەردانی چەند ناوچەیەکی کردووە لەوانە دوای ئەوەی لە ئەندەلوس دەرچووە بۆ قورتوبە دواتر بۆ ئیشبیلیە و ئنجا بۆ ناوچەکانی تولەیتولە و مرسیە ئەو ناوچانە بەگشتی دەکەونە ئەندەلوس (ئیسپانیای ئێستا)، پاشان لە ئیسپانیاوە ڕووی کردۆتە مەغریبی عەرەبی و تونس و جەزائیر و میسر و حیجاز و یەمەن و شام بەتایبەت چۆتە دیمەشق و لەوێشەوە هاتۆتە شاری دیار بەکر (ئامەد)لە باکووری کوردستان لەوێدا باسی لەوە کردووە هەموو ئەوانەی دەهاتن بۆ نوێژی بەیانی لە نەتەوەیەك بوون بەناوی (الاکراد)( الشاطبی، 2008، ص 206)، هەروەها چۆتە شاری ماردین و موسڵ و هەولێر و دواتر ڕووی کردۆتە ناوچەکە تورکەکانی وڵاتی عوسمانی بەتایبەت شاری قوستەنتینە، دواتر هاتۆتە عیراقی عەجەمی کە باسی پاشاکانی فارسی کردووە( الشاطبی، 2008، ص 213)، لە دوای ئەمانەشەوە چۆتە عێراقی عەرەبی( الشاطبی، 2008، ص 215).

سەبارەت بە وەرگرتنی سەرچاوەی زانیاری گەشتنامەکەی ئەوا بەدەر لەو ناوچانەی کە خۆی سەردانی کردووە کە وشەی (رأیت و شاهدت) ( الشاطبی، 2008، ص ص 64 ، 87 ، 89....)، بۆ زۆرێك لە ناوچەکان بەکارهێناوە، هەرچی سەبارەت بەو زانیاریانەش کە لە خەڵکانی دیکەی وەرگرتووە بۆ نموونە (حدثنی رجل فی قرطبة ) ( الشاطبی، 2008، ص 63)، هەروەها (قال وهب بن منبه) ( الشاطبی، 2008، ص 79)، هەروەها وشەی (مثل ما قال القایل) لە ( الشاطبی، 2008، ص 206) بەکارهێناوە.

یەکێکی دیکە لە خاڵە بەرچاوەکانی ڕێبازەکەی ئەوەیە بەراوردکاری و لەیەکچواندێکی زۆری لە نێوان ئەو شار و ناوچانەدا کردووە کە سەردانی کردووە بۆنموونە شاری دیمەشقی بە بەلنیسیە ( الشاطبی، 2008، ص 64)، و سەبتە بە ئەندەلوس (الشاطبی، 2008، ص 77)، و مەراکشی بە بەغداد چواندووە ( الشاطبی، 2008، ص 81)، جا ئەم نموونەی لەیەکچواندووە لە زۆرێك شوێنی گەشتنامەکەدا دەبینرێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 3: باکووری ئەفریقیا لە گەشتنامەکەو سیما شارستانیەتیەکان:

### 3.1: باکووری ئەفریقیا لە گەشتنامەکە:

**مەبەستمان لە باکووری ئەفریقیا بە تێگەیشتنە نوێیە سەردەمیەکان بریتیە لە مەغریب و جەزائیر و تونس و میسر ، بۆیە لەم توێژینەوەیش هەوڵدراوە زیاتر جەخت لەسەر ئەو ناوچانە بکرێتەوە ئەوانیش لە خوارەوە ڕوون کراونەتەوە:**

**1- وڵاتی مەغریب:**

-شاری سەبتە: باسی لەوە کردووە کە ئەو ناوچەیە لە ڕێگەی وشکانیەوە بە ناوچەی بەنی مەرین[6] بەستراوەتەوە، خەڵکی ئەم ناوچەیەش لە نەوەکانی بەنی مەرینن بەتایبەت ئەوانەی لە چیاکاندا نیشتەجێن (الشاطبی، 2008، ص 79). هەرچەندە بیروبۆچوونی پێچەوانە هەیە لەگەڵ ئەو بۆچوونەی شاتبی ئەوەتا ئاماژە بەوە دراوە کە ئەو ناوچەیە ناگەڕێتەوە بۆ بەنی مەرین. (ابن فضل الله العمری، 2002, ج4 ، ص 184).

-شاری مەراکش: ئەو شارەی بە شارێکی مێژوویی ناو بردووە کە لە کۆنەوە بنیاد نراوە، کە شارێکی ئاوەدان و پر خێر و بەرەکەت بووە، هاوکات باسی لە فراوانی شارەکە کردووە کە مانگێکی ویستووە تا توانیویەتی بە تەواوی شارەکەدا گەشت بکات (الشاطبی، ص 81؛ الادريسي, 1945، ص ص 233-236)، لەلایەکی دیکەشەوە باسی لە نەژادی دروست بوونی ئەو شارە کردووە، کە خاوەنەکەی یەعقوبی مەنسوور بووە , و کە کەسێکی خاوەن ڕێز و زانا و ناودار بووە (الشاطبی،2008, ص 80) لەلایەکی دیکەوە ئاماژە بەوە دراوە کە ئەو شارە لەلایەن یوسفی کوری تاشفینەوە بنیاد نراوە (کاتب المراكشی، 1986، ص 208), هەروەها ئەو شارە وەك گەورەترین شاری مەغریب ناوی دەرکرد بوو (القزويني، ص 111).

-شاری فاس: باسی لەوە کردووە ئەو شارە لەلایەن نەوەکانی ئالی حمەیر بنیاد نراوە(الشاطبی، 2008, ص 81)، لەلایەکی دیکەشەوە باس لەوە کراوە کە ئەو شارە لەلایەنی یەحیای فاتمیەوە بنیاد نراوە (الاصطخری, 2004, ص 89)، هاوکات ئەو شارە لەلایەن بەنو مەرین لە نەوەکانی حمەیری کوری ئەبی

---

[6] بەنی مەرین : یەکێك بوون لەو دەوڵەتانە ئەمازیغیانەی فەرمارەوایی ناوچەکانی مەغریبی دووریان کردوشوە هەرچەندە ماوەی دوو سەدە لە سەدەس سێزدە بۆ سەدەی پازدە حوکمیان کردووە بەڵام نەیان توانیووە تەواوی ناوچەکانی دەوڵەتی موەحیدی بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە (ابن خلدون، 1988, ج7, ص 707؛ الناصري, ج3, ص 3) .

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وەلید سەعید حەقی کە کوری وەلید عەبدولحەقی حمەیر بوون (الشاطبی، 2008, ص 81)، ئەم شارە هاوشێوەی بەغدایە دوای ئەوەی کە عەباسیەکان ئومەویەکانیان لەناو برد هەوڵیاندا دەسەلأتیان لە شام دابمەزرێنن بەڵام خەڵکی ناوچەکە لەمە رێگر بوون. بۆیە ئەوانیش ڕوویان کردە بەغداد، هەروەها کاتێك یەعقوب مەنصوری موەحیدی کە دەوڵەتی بەنی مەرینیان دامەزراند, هەوڵیاندا کە پایتەختەکەیان شاری مەراکش بێت بەڵام لەبەر خەڵکی ئەویٚ ئەوەیان بۆ نەچووە سەر ، بۆیە  شاری فاسیان بنیاد نا و تاوەکو ئێستاش ماوەتەوە (الشاطبی، 2008, ص 81).

ئەو شارە کاتێك لە بنیادنانی دەڕوانی بۆ دەردەکەوێت لە بنەرەتدا دوو شارە، ئەویش فاسی بالیە و فاسی نویٚ کە بەنی مەرین کردویان بە مەڵبەندی خۆیان (الشاطبی، 2008، ص 79؛ ابن البطوطة, 1996, ج4, ص 315)، وا دیارە ئەو دوو بەشەی فاس هەریەکەیەکیان لەلایەن دەوڵەتانی جیاوازەوە بنیادنراون کە یەکێکیان لای ئومەویەکان و ئەوەی دیکەش لەلایەن فاتمیەکانەوە بنیادنراوە (المقدیسي, 1989, ص 304)، هەروەها ئەو شارە هاوشێوەی میسرە لە بەهێزی و دڵڕفێنی و خۆشی (الشاطبی، 2008، ص 79؛ ابن ابي زرع الفاسي, 1972, ص ص 42- 58).

هەروەها ئاماژەی بەوە داوە کە شاری فاس لە هەموو ئەفریقیا ئاوەدانترە, بەتایبەت لەو کاتەی ئەو سەردانی کردووە، وەك ئەوەی کوڕ و باوکێك بن کە لە پێشوودا باوکەکە دەوڵەمەند بوو بێت و کورەکەی هەژار، کەچی ئێستا باوکەکە هەژارە و کوڕەکەی دەوڵەمەندە (الشاطبی، 2008 ، ص86).

2- ناوچەی بەنی عەبدولواد[7]:

هیچ باسێکی دەربارەی هەڵکەوتەی جوگرافیای ئەم ناوچەیە نەکردووە، کەچی باس لە پاشاکانی ئەم ناوچەیە دەکات بەوەی کە خاوەنی گەورەیی و رێزن بەتایبەت مەلیك ئەبو تاشفینی یەکەم *[8]کە

---

[7] ناوچەی بەنی عەبدوالواد: ئەو ناوچەیە دەکەوێتە باکوری رۆژئاوای جەزائیر و بەشی رۆژئاوەی مەغریبی ناوەراست ( ابن خلدون, 2004, ص 92؛ الجزائري, 1986, ج2, ص 213).

[8] مەلیك تاشفینی یەکەم: مەلیك تاشفینی یەکەم کوری حەمو موسای یەکەمە و لە پاشاکانی زیانیەی بەرەبەریە لە نێوان ساڵانی718- 738ك/ 1318-1337/ ز فەرمانرەوایی ناوچەکانی دەوڵەتی زەیانی کردووە لە جەزائیر، یەکەم قوتابخانەی تاشفینی لە 728ك /1327ز دامەزراندووە لە جەزائیر .

* ڕەنگە مەبەستی ئەبا تاشفینی یەکەم نەبێت بەڵکو تاشفینی پێنجەم یاخود هەشتەم هاوسەردەمی گەشتەکەی ئیبن سەباح بوونە بە پێی ئەوەی کە ناوبرو گەشتەکەی لە نیوەی دووەمی سەدەی حەوتەمی کۆچی ئەنجامداوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێكی زانستی وەرزی باوەڕپێكراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خاوەن دەوڵەتەكە بوو (الشاطبی، 2008، ص 92؛ ابن خلدون, 1986، ج7، ص 146). هەروەها ئەم دەوڵەتە چەندین ساڵ و مانگ بەردەوام بووە و لە پارێزگاری كردنی هاوڵاتیانیان و هاوكات چەندەها میرنشین و وەزارەت و سەركردە بەتایبەت سەركردە هیلال لە خزمەتیاندا بووە[9] (الشاطبی، 2008، ص 92)، لەلایەكی دیكەشەوە ئەم ناوچەیە تەژی بووە لە خۆشگوزەرانی و خۆشی و چەندین مزگەوت و بازاری ناوداری هەبووە(الشاطبی، 2008، ص 92)، هەروەها ئەم ناوچەیە گەورە و بەهێز بووە تەنانەت شانازی پێوە كراوە لەلایەن پاشاكانی عەرەب، بەوەی كە گەورە و فراوانە و یەكسانی و راستگۆیی و دڵنیایی و سەلامەتی هەبووە، هەروەها خاوەن بەرهەمێكی زۆر و جل و بەرگی جوان و چەند كۆگایەكی سەروەت و سامان و زێڕ و زیو زومرودە(الشاطبی، 2008، ص 92)، هەروەها باسی لەوە كردوە كە خاكێكی پیرۆزە، كەچی ئەم ناوچەیە توشی گرفتی زۆر دەبێتەوە لە پێناوی گۆڕینی پاشاكانیدا، كەوا دەكات ناوچەكە لاواز ببێت، هەروەها چەتە و ڕێگر لەم ناوچانە بوونیان هەیە، كە ڕێگا وشكانیە فراوانەكانیان تەنگ كردووە، بەهۆی ئەمانەوە خەڵك گیریان خواردووە لە كاتی گەشتەكانیان (الشاطبی،2008، ص 96)، و ناوچەیەكی دوژمنكارانە بووە و دزی زۆر بووە و ڕێگرەكان لە زۆربەی ناوچەكاندا هەبوون و بوو بوونە مایەی ترس و تۆقین بۆ خەڵكەكەی (الشاطبی،2008، ص 97).

-شاری تلمیسان: یەكەم شوێنێك لە ناوچەی بەنی عەبدولوادا باسی دەكات شاری تلمیسانە، ئاماژەی بەوە داوە كە ئەو شارە هاوشێوەی شاتیبەیە لە ئەندەلوس، شارەكە موڵكی بەنی عەبدولوادە، لەسەردەمی باپیرە گەورەكەیانەوە بەناوی یەغمراسن[10] كە ئەمانە بەشێك بوون لە نەوەكانی بنەماڵەی حمەیر كە سەر بە یەمەن بوونە نۆژەن كراوەتەوە(الشاطبی،2008، ص 91). لەلایەكی دیكەوە باسی لەوە كردووە كە شارێكی كۆنە (الشاطبی، 2008، ص 91: یاقوت الحموی، 1995، ج2، ص 44)، هەروەها ئاماژەی بە بنیادنەری ئەم شارە دەكات كە لەلایەنی كەسایەتیەكی ئەفریقیەوە بنیاد نراوە

9 بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی ناوچەی بەنی عەبدولواد بروانە (الجزائری، تاریخ الجزائر القدیم والحدیث، 1988، الجزائر).

10 یەغمراسن: یەغمراسن كوڕی **زەیان** كوڕی ثابت كوڕی محمەمەدە و توانیویەتی فەرمانرەوایی ناوچەی تلمسان بكات و بە دامەزرێنەری سەرەكی دوەڵەتی زەیانی بەرەبەری دادەنریت لە جەزائیر كە لە دوای مردنی براكەی بەناوی ئەبو عزە زیدان كوڕی زەیان دەسەڵاتی وەرگرتووە(ابن خلدون، 1988، ج6، ص 56؛ الناصری، ج3، ص 18).

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەناوی جەریر[11] کە پاشایەکی ئەفریقی بووە لە نەوەکانی فیرعەونەکانی میسرن کە ئەوانە ئەفریقیایان بەڕێوە دەبرد (الشاطبی،2008، ص 95). و ئەم شارە زۆر بە پیتە و کەوتۆتە مەغریبی ناوەراستەوە(جەزائیری ئێستا) (الشاطبی،2008، ص 96).

-شاری وەهران: ئەم شارە کەوتۆتە سەر لێواری دەریا هاوشێوەی شاری مورسیە لە خاکی ئەندەلوس (الشاطبی، 2008، ص 95)، کە لە شوێنێکی دیکەدا دەیکات بە هاوشێوەی شاری مالەقە لە ئەندەولس (الشاطبی،2008، ص 96)، ئەم شارە لەلایەن بەشێك لە ئەندەلوسیەکانەوە بنیاد نراوە بۆ ئەوەی کەشتی لەنگەری لێ بگرێت( البکری، 1992، ج2 ، ص 786)هەروەها ناوچەیەکی سەخت و بەپیتە.

3- ناوچەی حفسیەکان (الحفصیین): کە ناوچەی موەحیدینەکان[12] بووە کە پاشای سەردەم بوون لەڕووی گەورەیی و هێز و دڵنیاییەوە، سەرکردە چاك و پاکەکان سەرکردایەتی هۆزەکانی خۆیانیان کردووە کە بنەچەیان دەگەڕێتەوە بۆ عومەری کوری خەتاب (ر.خ)[13] ، مەڵبەندی دەسەڵاتی حفسیەکانیش ناوچەی تونس بووە (الشاطبی، 2008، ص 99).

-تونس: ئەم شارە لە کۆندا بنیاد نراوە و بە ئەفریقیەش ناوی هاتووە، ئەو شارە شارێکی مێژوویە و بە تەرشیش ناوی هاتووە بەڵام دوای ئەوەی لەلایەن موسلمانەکانەوە فەتح دەکرێت شارەکە لەڕووی بیناکاریەوە نۆژەن دەکرێتەوە ناوەکەی دەگۆردرێت بۆ تونس (ابن حوقل، 1938، ص 73؛ الادریسی، 1988، ج1، ص 285), لە ڕووی ژمارەییەوە تەواوی هەرێمەکانی دیکەی مەغریب بۆ تونس دەگەڕێنەوە، هەروەك شاتبی بە (رأس المدائن المغرب ) ناوی بردووە، لەهەمان کاتدا باسی لەوە کردووە کە بە پێی دابەش کاری مێژوونوسان، کە گۆی زەویان بەسەر حەوت هەرێمدا دابەش کردووە, ئەوا هەرێمی تونسی بە هەرێمی شەشەم داناوە (الشاطبی، 2008، ص 99)، هەروەها وەسفی تونس دەکات بەوەی ناوچەیەکی فراوانە و کە کۆمەڵێك قەڵای گرنگ لە خۆی دەگرێت و هەوەها تایبەتمەندی

11 لە زۆریك لە کتێبی گەشتنامەکان ناوی ئەو کەسایەتیە ناهێنرێت، بەڵکو کۆکن لەسەر ئەوەی ئەو شارە لەلایەن بنەماڵەی زەیانیەکانەوە بنیاد نراوە بەتایبەت یەعقوبی کوری یوسف (یاقوت الحموی، 1988، ج2، ص 44؛ ابن فضل الله العمری، 1987، ج4، ص 204).

12 موەحیدین: ئەو دەوڵەتە دەوڵەتێکی ئیسلامیە و موەحیدیەکان کە لە بنەماڵەی ئەمازیغەکانن، لە سەدەی دوازدەی ز دایانمەزراند، کە دەسەڵاتیان ناوچەکانی مەغریب و تونس و جەزائیر و لیبیای گرتبۆوە.

13 بۆ زیاتر زانیاری بروانە (المیلی، 1986، ج2, باب السادس).

زەویەکەی و شێوازی بنیادنانی بۆتە جێگەی سەرنجی مێژوونوسانی کۆن و نوێ و هەموو ئەوانەش کە گرنگی بە گەشت کردن دەدەن(الشاطبی، 2008، ص 100)، لەلایەکی دیکە ئاماژەی بەوە داوە کە ماوەی سی رۆژ لەو هەرێمەدا ماوەتەوە (الشاطبی، 2008، ص 100).

لەلایەکی دیکەوە باسی پاشاکانی ئەم ناوچەیەی کردووە کە خاوەنی رێز و گەورەیین و هەروەها لە ڕووی زانستەوە زۆر زیرەك بوون، هەروەها ئاماژەی بەوە داوە کە ئەم ناوچەیە لە دێر زەمانەوە بەوە (معلقة)[14] ناسراوە، بۆیە بەو ناوە ناوی هاتووە لەبەر ئەوەی (معلقة) لەسەر چیایەك بنیاد نراوە کە بەسەر دۆڵی ئەبو جەردەدا دەڕوانێت، لەلایەن (عیملاق)ەکانیشەوە بنیاد نراوە، بەڵام دواتر ئەم ناوە پشتگوێ خراوە و سڕاوەتەوە(الشاطبی، 2008، ص 101).

-بجایە: ئەم شارە گەورە و لەسەر شاخێك هەڵکەوتووە کەبەسەر دەریادا دەڕوانێت، کە بازرگان و خەڵکی گشتی و دەریاوانەکان لێی کۆدەبنەوە، تەنانەت دانیشتوانی ئەم شارە بە ژیانی خۆیان ڕازین و دوکان بازاڕەکانیان لە دوای عەسر و ئێوارەدا دەکەنەوە، هاوکات شارەکە بەناوبانگە لە ڕووی زانستەکانی نەحووی عەرەبی و زانستە دینی و دونیاییەکان، هەروەها خەڵکەکەشی یەکتاپەرستن (الشاطبی، 2008، ص 101؛ یاقوت الحموي, 1995, ج1, ص 339).

-شاری بەلەد ئەلعناب[15]: بە شارێکی بچووکی سەر دەریا ناوی بردووە(الشاطبی، 2008، ص 103)، ئەم شارە لەبەر زۆری بەرهەمی ترێ بەو شێوەیە ناوی هاتووە (الحمیری، 1980، 115).

-شاری باجە: لەبارەی باجەوە ئاماژەی بەوە داوە: ((ئەگەر باجە دوان بوایە ئەوا هیچ بەرهەمێك بەرامبەر بەو دوو دونیا نەدەبوو)) (الشاطبی، 2008، ص 103). ئەم شارە یەکێك بووە لە ناوچەکانی تونس تەنانەت بەرهەمی یەکجار زۆر بووە و یارمەتیدەری سەرەکی تونس بووە لە ڕووی کشتوکاڵەوە، لەبەر ئەوەی لە تونس دا بەرهەمی کشتوکاڵیان کەمە و بەتایبەتی گەنمیان کەمە(الشاطبی،2008، ص 103)، کە لێرەدا مەبەستی ئەوەیە کە بەرهەمی دانەوێڵە لە تونسدا کەم بووە(الشاطبی، 2008، ص

[14] معلقة : بەرچاوەکان بیروبۆچوونیان جیاوازە دەربارەی ئەوەی کە تونس لە پێشوودا بەناوەوە ناسێنرابێت، چونکە ئەمە ناوی ناوچەیەکی بەرزایی تونسە گوایە دوای ئەوەی موسڵمانەکان هاتوون تونیسیان فەتح کردووە بەشێکی زۆری تونس چۆڵکراوە و تێکدراوە بەڵام ئەو ناوچەیە خەڵکی تێدا ماوەتەوە تا ماوەیەکی زۆر دوای ئەوەش خەڵکەکە بە تەواوی تونسدا بڵاوبوونەتەوە. (الیونینی، 1992، ج2، ص 455؛ الحمیری، 1980، ص 462).

[15] بەلەد ئەلعناب: ئەم شارە بە بونە و عنابەش ناوی هاتووە. (الحمیری، 1980، ص 115).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

103), ئەم شارە لە زۆرینەی سەرچاوەکان وەکو یەکێك لە شارە زۆر خۆشەکان ستایش کراوە (ابن حوقل, 1938, ج1, ص 74؛ البكري, 1992, ج2, 718).

**-شاری قەیرەوان:** لە باسی ئەم شارە ئاماژەی بەوە داوە کە دانیشتوانی کەمە و خەڵکەکەشی زۆر باشن (الشاطبی، 2008، ص 103), شاری قەیرەوان وەکو بناغەی شارەکانی دیکەی تونس باس دەکرێت، هەرچەندە ئەم شارە کۆن نیە و بنیادنانی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی معاویەی کوڕی ئەبی سوفیان، دوای ئەوەی معاویە عوقبەی کوری نافع دەکات بە والی لەسەر خاکی میسر و ئیفریقیە، ئیدی ئەویش پلانی بنیادنانی ئەو شارە دادەنێت (المنجم, 1987, ص 98 ).

**-شاری قەفصە**: شارێکی پڕ لە زانست و ئایینی بووە (الشاطبی، 2008، ص 104)، شارێکی کۆن بووە و شورایەکی بەهێزی لەبەرد دروستکراوی هەبووە، دەوترێت شارەکە لەلایەن شەیبان بەردەستی نەمردوی کوری کەنعان بنیاد نراوە بەوەی ناوی لەسەر یەکێك لە دەرگاکانی ئەو شارەدا نەخشێنراوە (كاتب مراكشی، 1986، ص 150 ), وەك ئاماژەی داوە ئەم شارە شاری عەرەبەکان بووە و باسی لەوە کردووە کە هۆزی یەزیدی عەرەبی لەوێ دەسەڵاتدار بوونە (الشاطبی، 2008، ص 104).

هەروەها باسی لە گەرمی ئەو شارە کردووەو بە شاری (حارة) ناوی بردووە، ئاماژەی بەوە داوە کە ئەم شارە کەوتۆتە رۆژئاوای تەرابلوس، بەقەد هەموو شارەکانی دیکە گەرمە، تێنوێتی و بێئاویە، زۆر گەرمە، شارێکی بە ترسە و ڕێگر و دزی لێیە (الشاطبی، 2008، ص 104)[16].

4-**شاری تەرابلوس:** شارێکی پڕ لە برسیەتیە، زۆرینەیان هیچ نیە بیخۆن، لەوێوە رۆیشتم بۆ (حی العرب) کە منداڵەکانیان ماوەی هەشت مانگ دەخوێنن، دواتر ئەو کاتەی کە بەلەم هات ئەویم بەجێ هێشت، هەروەها باسی لەوە کردووە کە جیاوازی لە نێوان ژیان و مردن لەو شارەدا نیە، دەڵێت: (( خۆم بە خۆمم وت ئەوانە گوناهبارن، تەنانەت ئەگەر لەبەر گوناهەکانیان نەبوایە بەو جۆرە سزا نەدەدران)). لەدوای شاری تەرابلوس تاوەکو ئەسکەندەریە هیچ جۆرە بینایەك نابینی واتا ئاوەدانی تێدا نیە، تاوەکو ئەسکەندەریە کە ماوەی نێوانیان شەست رۆژە، کە هەمووی برسیەتی و گەرمیە (الشاطبی، 2008، ص 104)،

16 هەرچەندە لە سەرچاوەکانی دیك باسی گەرمی ئەوشارە و دز و ترس و تۆقەکەی بەرچاوناکەوێت.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

-**شاری بەرقە:** ئەم شارە شارێکی فراوانەو زۆربەی عەرەبن، کە نان و ئاو دەدەن بە حاجیەکان، ئەوانە زۆر بەزەییان بە خەڵکی غەریبدا دێتەوە، رێگا نیشاندەری خەڵکن، کە لە ڕووی پێوانەییەوە لە باکور و رۆژهەڵات بەرەو رۆژئاوای یەمەنە، کە لێوار و لێوار تاوەکو ئەسکەندەریە شەست ڕۆژە ڕێیە، و ئەگەر باران ببارێت ناوچەیەکی بە پیت و بەرەکەتە (الشاطبی، 2008، ص 104).

**5- میسر:**

- یەکەم شار لە میسر باسی دەکات شاری ئەسکەندەریەیە، باسی لەوە کردووە کە ئەم شارە لەلایەن کوڕی ئەقلیشی یۆنانی کوری ئەرستالسی حەکیم کە دیمەشقیشی بنیاد نا بنیادنراوە[17]، هەروەها ئەو شارە ئەوەندە سپیە هاوشێوەی هێلکە کە لە سکی مریشك دێتە دەرەوەوە (الشاطبی، 2008، ص 107؛ العمري, ج3, ص 490) ، کە هاوشێوەی دورگەیە بە ئاو چواردەورەی باخ و بێستانەکانی ئەو شارە دراوە، شورای بەرزی هەبووە (الشاطبی، 2008، ص 107؛ الادريسي,ج1, ص 319)، کە هەموو جۆرە بازاڕ و بازرگانیەکی تێدا کراوە، لە هەموو ماڵێکدا بیرێکی ئاو هەبوو لە ئاوی شیرین و سوێر کە ئاوە سوێرەکەیان دەپاڵاوت، هەروەها کۆڵانێکی هەیە کە بە باب رشید[18] ناسراو بووە، لە هیچ شوێنێك شتی وا جوانم نەبینیووە، هەروەها ئەم شارە چەندین گوندی لەسەر بووە وەکو : تروجە و دمنهور (الشاطبی، 2008، ص 107؛ ياقوت الحموي, 1995,ج2, ص ص 27, 472)کە هەریەك لەو گوندانە بەقەد شارێك دەبوون کە بازاڕیان هەبووە و کڕین و فرۆشتنیان تێدا کراوە، (الشاطبی، 2008، ص 107). میسر لەپێشوودا بە خاکی فیرعەونەکان ناسراو بووە و ئەمەش لەبەر ئەوەی لەسەردەمی نەزانیدا لەلایەن فیرعەونەکانەوە فەرمانڕەوایی کراوە (الشاطبی، 2008، ص 108)، ئەم ناوچەیە زۆر بەهێز بووە زیاتر لە هەموو ناوچەکانی سەر ڕووی زەوی بەهۆی ئەوەی کە لە هەموو ڕویەکەوە بێ

17 وا باس دەکرێت ئەو شارە لەلایەن (ذو القرنين) کە ناوی ئەسکەندەری مەقدۆنیە لە سەردەمی یۆنانیەکاندا ئەو شارەی بنیاد ناوە و هەر بەناوی ئەویشەوە ناو نراوە ( المقريزى، ج1، ص ص 169، 274).

18 بە گوندیش ناوی هاتووە (زين الدين، 1994، ص 473).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کەموکورِیە، لە دیارترین ئەو شارانەی کەوتونەتە سەر ڕووباری نیل بریتین لە ئەسوان[19] و فەیوم[20] کە ئەم شارە بەوە ناسراو بووە کە پڕ خێر و بەرەکەت بووە بەتایبەت داری زەیتونی یەکجار زۆر بووە، هەرموو ڕۆژێك هەزار دینار باجی هەبووە (الشاطبی، 2008، ص 112).

- شاری میسر[21] ئاماژەی بەوە داوە کە ئەو چواردەورەکەی شانزە میل بووە و لە ڕۆژئاوای ڕووباری نیل بووە و شورەیەکی هەبووە لەبەرەی ڕۆژئاوای کە زۆربەی خانووەکانی لە نزیك ئاون، ئەگەر دەستت بخەیتە ئاوەکەوە هێندە شیرینە دەڵێی هەنگوینت خواردووە (الشاطبی، 2008، ص 114). هەروەها ئەوەی بینیوومە لە وڵاتی میسر جیاوازە لە وڵاتەکانی دیکە هەر لە ڕووی تایبەتمەندیەوە، لە بارەی تەواوی هونەرەکان و بەتایبەت لەبارەی زانست و ئایین لە بارەی خوێنەرانەوە هەروەها لەڕووی زمانپاراوی لە نێو گوندەکانی میسر بەتەواوی دەبینرێت، هەروەها لە بارەی پیاو چاکان و شێخەکان هەر لە میسرن، هەروەها ئاماژەی بەوە داوە ئەو تایبەتمەندیەی لە میسر دەیبینی لە هیچ شوێنێکی دیکەدا هاوشێوەی نیە (الشاطبی، 2008, ص 119)، تاکە عەیبێك لە وڵاتی میسر درکی پێ بکرێت ئەویش ئاوەکانی ئەو وڵاتە بە گشتی سوێرن جگە لە ئاوی نیل نەبێت (الشاطبی، 2008، ص 125).

- شاری بلبیس: ئەو شارە کەوتۆتە باکووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتی میسر (البکری، 1992، ج2، ص 621)، شارێکی گەورە بووە و خاوەن باخ و بێستانی زۆر بووە (ابن بطوطة، 1996، ص 321)، لەو شارەدا سوڵتانەکانی میسر بە دۆڵ و زورناو دڵخۆشیەکی زۆر و جلوبەرگی ڕازاوەوە دەهاتن بۆ کەنار ڕووباری نیل، و لە شاری بلبیس شێوە باڵێك هەبوو دەیانشکاند یاخود دەیانکردەوە، و بەو ڕۆژەشیان دەگووت ڕۆژی شکاندنی نیل، ئەو ڕۆژە دەبوو بە جەژنێکی گەورە (الشاطبی، 2008، ص 122).

---

19 شاری ئەسوان: ئەو شارە کەوتۆتە ناوچەی سەعید لە باکوری میسر، ناوچەیەکی پر لە خێر و بێرو ئاوەدانی بووە, بەشی خوارەوەی ئەو شارە ڕووباری نیلی پێدا تێدەپەڕێت. (الحمیری،1980, ج1،ط2, ص 57؛ ناصر خسرو، 1983, ط3, ص 116).

20 فەیوم: ئەو شارە لەلایەن یوسفی سدیقەوە بنیادنراوە، یەکێك لە سەیرترین شتەکان ئەوەیە کە ڕووبارێك شارەکە دوو لەت دەکات، لەلایەکی دیکەوە بۆیە ناو نراوە فەیوم چونکە ڕۆژانە هەزار درهەم بۆ سوڵتان بەرهەم دەهێنێت، لەگەڵ شاری فوستات چل و هەشت میلله نێوانیانە.( المهلبی، 2006, ص 37؛ البکری، 1992، ج1، ص 514؛ ابن الوردی، 2008, ص 48).

21 مەبەست لە شاری میسر شاری فوستاتە کە بەدوو شێوە ناوی ئەو شارە دەهێنرێت، ئەم ناوەشی بۆیە لێنراوە چونکە عمرو کوری عاس بۆ یەکەم جار لەوێدا خێمەی هەڵداوە.(ابن خردادبە، 1989، ص 80؛ ابن الفقیه، 1996، ص 117) .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێكی زانستی وەرزی باوەڕپێكراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 2.2: بنیادنانی شارەكان و ناولێنانیان:

باسی لە ناولێنانی شاری فاس كردووە گوایە ناوەكەی لە (بأس)ەوە وەرگیراوە، هەوەها ئاماژەی بەوە داوە كە مێژوونوسان جەختیان لەسەر ئەو بابەتە كردۆتەوە بەڵام بێ ناوهێنانی هیچ مێژوونوسێك، بە تێپەرنی كات ناوەكەی گۆڕاوە بۆ (فأسا) لەبەر ئەوەی ئەو ناوچەیە ئاوی زۆر بووە خەڵك (فاس) تەوریان بەكارهێناوە بۆ ئاواكردنی ناوچەكە یاخود كە لە كەسێكیان دەپرسی چۆن ئەم ئەم گژوگیایەت هێناوە دەیووت: داسم بەكارهێناوە بۆیە دواتر ئەو وشەیەش گۆڕاوە بۆ فاس, هەرچەندە بیربۆچوونی جیاواز هەیە لەبارەی ناولێنانی ئەو شارەوە وەك ئەوەی كاتێك ویستراوە ئەو شارە بنیاد بنرێت ئەوا زەویەكانیان هەڵكۆڵیووە و لە ژێرێدا داسێكی زێریان دۆزیوەتەوە بۆیە ناویان لەو شارە ناو فاس ( لیون الافریقي، 1983, ج1، ص 218).

-شاری قاهیرە: لە باسی ئەو شارەدا ئاماژەی بۆ ئەوە كردووە كە لە لایەن كەسایەتیەك بەناوی موعز بنیاد نراوە[22]، دوای ئەوەی ڕووی كردۆتە ئەو ناوچەیە تونیوایەتی ئەو ناوچەیە ئاوەدان بكاتەوە و دواتر ئەو شارەی لێ دروست بوو و ناونرا قاهیرە، كە لە وشەی قهرەوە وەرگیراوە، كورتەی چیرۆكەكە ئەوەیە كاتێك موعز لەگەڵ كچەكەی بەرەو حەج بە میسردا تێدەپەڕێت، لەوێ خەڵكی میسر گاڵتە بە كچی موعز دەكەن بەوەی كچەكەی بە سواری ئەسپ بەرەو حەج دەباتە بۆیە ئەوەیش وەك وەڵامێك بۆ گاڵتەكەیان ڕوو دەكاتە میسر و ئەو شارە بنیاد دەنێت و ناوی دەنێت قاهیرە[23] (الشاطبی، 2008، ص 126).

شوێنێكی تایبەتمەند هەبووە لە قاهیرە بەناوی (باب زویلة)كە یەكێكە لە دەرگاكانی قاهیرە لە تەنیشت مزگەوتی بەسامی كوری نوحە(المقریزی، 1997، ج2، ص 239)، ئەگەر هەر كەسێك لە ڕۆژێكدا

---

22 وا دیارە ئەو شارە لەسەردەستی یەكێك لە سەركردەكانی موعز دین اللەی فاتمیەوە بەناوی جوهەر لەساڵی 365ك/ 975ز بنیاد نراوە (المنتظم, 1992, ج14, ص 198؛ ابن خلدون، 1988، ج4، ص 61).

23 هەرچەندە ئەو چیرۆكەی شاتبی باسی دەكات لە سەرچاوەكانی دیكەدا نابینرێت. كەچی ئیبن جەوزی باسی لەوە كردووە كە ئەو شارە دوای ئەوەی جەوهەر بریاری داوە بە هەڵكۆلینی بناغەكەی ئیدی كۆمەڵێك ئەستێرە ناسی بانگهێشت كردووە دەربارەی گرنگی و گونجاوی شوێنەكەی ئەوانیش بە پێی زانستی خۆیان پێی رادەگەیەنن كە بە پێی هێڵی مەریخ ڕێپێدراوە و ناوی مەریخ بە قاهر هاتووە بۆیە ناو لەو شارە نراوە قاهر و دواتریشی بۆتە قاهیرە. (1992،ج 14، 198). بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە (عبدالرحمن زكی، 1996).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دووجار سەردانی ئەو شوێنە بکات ئەوا جلەکانی هەمووی لەبەری دەدڕێت بەهۆی قەرەباڵغی ئەو شوێنەوە، دەڵێت : (( من دوو جار چووم بۆ باب زویلة لە ڕۆژێکدا، جوبەیەکی نوێم لەبەر بوو بەڵام کە هاتمە دەرەوە جلەکانم جوبەکەم لا شانێکی دڕا بوو بۆیە ئەو کەسەی لەگەڵم بوو پێی وتم ئەگەر بێت و هەموو ڕۆژێك بە جلێکی نوێوە بێیت بۆ ئەو شوێنە ئەوا هەر لێت دەدڕێت)) (الشاطبی، 2008، ص 127).. دیارە ئەمەش خۆی بەڵگەیە لەسەر قەرەباڵغی ئەو شوێنە .

## 2.3 : دیارە سروشتی و ئابووریەکانی ئەو ناوچەیە:

### 1 - چیاکان:

لەشاری سەبتە چەند چیایەك هەیە، خەڵکی لێ دەژین و ئاوەدانە (الشاطبی، 2008, ص 79), چەند چیایەکی سەرکەش لە شاری مەراکش هەبووە کە شوێنی ژیان بوون و میوە و ئاویشی تێدا زۆر بووە . لە شاری بجایە لە تونس چەند چیایەکی هەیە کە لەیەکێك لە چیاکان چەند هۆزێکی بەربەری زناتەی لێ دەژیت، ئەم ناوەشیان لە ناوی دارێکەوە هاتووە، کە بە زان ناسراوە و چیاکەش هەمان ناوی هەیە، دەوترێت ئەم هۆزە بەربەریانە کاتێك لە یەمەنەوە هاتوون بۆ ئەو ناوچەیە هاتوون لە چیای زان بڵاوبونەتەوە، دواتر کە لێیان پرساوە ئێوە لە کوێوە هاتووە وتوویانە لە چیای زانەوە هاتووین, هەر ئەمەش وایکردووە کە دواتر پێیان بوترێت بەربەرەکانی زناتی یان زنات.

2- ڕووبار و سەرچاوە ئاوییەکان و ئاو و هەوا:

لەشاری بجایەی تونس هاوینی زۆر گەم بووە(الشاطبی،2008، ص 102)، و زستانی زۆر سارد بووە و بەفر و بارانی زۆر بووە(الشاطبی،2008، ص 103)، لە شاری بەلەد ئەلعیناب سەرچاوەی ئاوی زۆر بووە تەنانەت ئاوەکان لە چیاکانەوە هەڵدەقوڵێن و تاوەکو تونس دەڕۆن (الشاطبی، 2008، ص 102)، شاری ئەسکەندەریە بارانی زۆر بووە لە نێوان شاری فوە بۆ میسر کە ماوەی چوار ڕۆژە ڕێییە تەنها تۆز و خۆڵ و باران نابارێت ئەمەش وا دەکات بەرهەمی خورمای باش پێبگەیەنێت چونکە باران زیان بە خورما دەگەیەنێت (الشاطبی، 2008، ص 108)، لە میسردا باسی ڕووباری نیلی کردووە بەوەی کە ڕووبارێکی شیرینە و کە بە لە سودانە لە سەر لوتکەی چیای قەمەر هەڵدەقوڵێت لە ماوەی سێ مانگدا دەگات بە میسر  (الشاطبی، 2008، ص 110)، هەروەها دەڵێت:(( وەڵاهی ئەوەی من لە ڕووباری نیل بینیم نزیکەی دوانزە هەزار کەشتی لەناو ئەو ڕووبارە هات و چۆیان دەکرد و بازرگانیان لەگەڵ میسردا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەکرد و کەل و پەل و خواردنێکیان لە گەنم جۆ و میوەیان لە شاری ئەسوان بۆ قەوس تاوەکو ناوەوەی وڵاتەکە دەگواستەوە، (الشاطبی، 2008، ص 110).

لە خاکی میسر باسی ڕووباری نیلی کردووە کە بە تایبەتمەندیەکی ئەو وڵاتە ناوی بردووە، هاوکات باسی لەوە کردووە کە ئەو ڕووبارە سەرسوڕهێنەرە بەتایبەت ئاوە شیرینەکەی، ئەو ڕووبارە کە بەناوەراستی وڵاتەکەدا و بە نێو ئاواکاریەکانیدا تێدەپەرێت، ئەوەی دەبینرێت هەرچی ئاوەدانی و بەروبومە لە لێوی ئەو ڕووبارەدا هەیە ئەوە سەرباری هەبوونی چەندەها گوند و مزگەوت، هەروەها کشتوکاڵ لە قراغیدا کراوە سەرباری ئەوەش مەڕوماڵاتیان لە هەمان شوێندا بەخێوکردووە، هەروەها ئاماژەی داوە کاتێك بەناو ڕووبارەکەدا گەشت دەکەیت دیمەنە تایبەتمەندەکانی ئەو ڕووبارە و قەراخەکانی و هاتووچۆی کەشتی و شوێنی وەستانیان سەرسامت دەکەن (الشاطبی، 2008، ص 120).

## 2.4: سەرچاوە ئابووریەکان:

### 1-بەربوومی کشتوکاڵی و ئاژەڵی:

#### 1-کشتوکاڵ:

ئەو ناوچەیە شاری سەبتە زۆر بەپیت بەرەکەت و پیرۆز بووە تەنانەت لە چیاکانی ئەو شارە بەرهەمی کشتووکاڵی زۆر بووە بەتایبەت وەکو ترێ (الشاطبی، 2008, ص 82)، هەروەها شاری مەراکش باخ و بێستانی یەکجار زۆر بووە و سەرچاوەی ئاویشی زۆر بووە کە ئاماژەی بەوە داوە لە پێشوودا دوازدە هەزار سەچاوەی ئاوی هەبووە، کەچی کاتێك ئەو سەردانی کردووە سەرچاوەکان کەمیان کردووە بۆ سەد و دوازدە سەچاوە، هەروەها لەو شارەدا بەرهەمان زۆر بووە (الشاطبی، ص 82)، لە کاتی باس کردن لە شاری فاس ئاماژەی بەوە داوە بەرهەمی چێنراویان زۆرە و هەروەها میوەشیان هەیە، سەرباری هەبوونی ئارد و بەرهەمەکانی دانەوێڵە لەو ناوچەیەدا لە هەمان کاتدا بەرهەمی جۆراو جۆریش لە شاری فاس زۆر بووە (الشاطبی،2008، ص 86؛ علي جزنائي, 1991، ط2، ص ص 36 - 40)، هەروەها باسی شاری تلمیسانی کردووە بەوەی بەرهەمی کشتوکاڵی زۆری هەبووە، هاوکات بەهۆی لەباری کەش و هەواکەیەوە شارەکە زۆر سەوزو جوان بووە، چەندین بەرهەمی هەبووە وەك ترێ و هەنجیر بەتایبەت هەنجیری غەدان ( جۆرێکی تایبەتە لە هەنجیر) و داری زەیتوونیشی زۆر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بووە(الشاطبی، 2008، ص 95). هەروەه لە بارەی شاری بجایە باسی لەوە کردووە کە میوەیان زۆرە ، تەنانەت دۆڵێکی گەورەیان هەیە پڕی لە دار سێوە (الشاطبی،2008، ص 101)، لەلایەکی دیکەوە باسی لەوە کرددوە کە بەرهەمی سمید و ئاردی زۆرن هەروەها خورما و کونجیشیان هەبووە، و دۆلێکیشیان هەبووە کە پر بووە لە بەرهەمی قەیسی (الشاطبی،2008، ص 102)، لە شاری بەلەد ئەلعیناب هەموو جۆرە بەرهەمێکت دەستدەکەوێت، هەروەها هەموو جۆرە داناوێڵەیەکی هەبووە، لە شاری باجە بەرهەمی چێنراو یەکجار زۆر بووە (الشاطبی،2008، ص 103)، لەلایەکی دیکەوە باسی لەوە کردووە کە شاری قەفصە بە خورما بەناوبانگە لەبەر زۆری رێژەی دارخورماکانی (الشاطبی، 2008، ص 104)، هەروەها لە شاری عربانیش خورما زۆر بووە (الشاطبی، 2008، ص 104). لە ناوچەی میسر سێ جۆرە زەیت هەبووە ئەوانیش: زەیتی زەیتوون و زەیتی جلجلان و زەیتی کەتان یان زۆرە (الشاطبی، 2008، ص 109)، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەو سێ بەرهەمە لەناوچەکەدا زۆر بووە تا توانیویانە کە زەیتی لێ دروست بکەن.

لە بارەی میسر و خاکەکەی تایبەتمەندیەکی باس کردووە ئەویش خاکەکەی سپی زیوویە، بەڵام لەکاتی هەبوونی بەروبومدا ئەوا خاکەکەی ڕەنگی سوور دەبێت، لەبەر ئەوەی ئەو ئاوە هەموو خاڵێك خاکەکەی نوێ دەکاتەوە، ولە کاتێکدا کە بەرهەمەکان پێ دەگەن ئەوا تەواوی خاکەکەی سەوز دەچێتەوە (الشاطبی، 2008, ص 120)، ئەمەش خۆی بەڵگەیە لە سەر بوونی بەرهەمێکی زۆر لەو وڵاتەدا. هەروەها لە کاتی بەرهەم دورینەوەدا خاکەکەی دەبێت بە زەردێکی زێڕین. هەروەها بەرهەمی گەنم و جۆو نیسك و نۆك و کەتان و پاقلە و تەواوی بەرهەمە هاوینیەکانیان هەیە(الشاطبی، 2008، ص 121).

**2-ئاژەڵداری:**

لە شاری فاس گۆشت زۆر هەرزان بووە ، لە شاری فاس مەڕ و ماڵات و بەرهەمی گۆشتیان زۆر بووە (الشاطبی، 2008، ص 86)، خوری ئاژەڵ لە شاری بجایەی تونس زۆر بووە تەنانەت بەرهەمی گۆشتیان ئەوەندە زۆر بووە کە نەدەکێشرا(الشاطبی، 2008، ص 102)، لە شاری باجە مەڕوماڵاتیان زۆر بووە و تەنانەت چێڵیشیان هەبووە(الشاطبی، 2008، ص 103).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 3 - بازرگانی و دراو و بازاڕ:

لە شاری مەراکش دراوی زێری ئاڵتونی مەنسوریان بەکاردەهێنا ئەوەش بەڵگەیە لەسەر هەبوونی دراوی زێر لەو سەردەمەدا. لە بارەی شاری سەبتە ئاماژەی بەوە داوە کە مسی زەرد وەك زێڕ دەدرەوشایەوە و کڕین و فرۆشتنی پێوە کراوە لە بازاڕەکانیدا، لە شاری فاسدا چەند بنکەیەکی بازرگانی هەبووە، هەروەها هەموو جۆرە بازرگانیەك لە شاری فاس کراوە(الشاطبی،2008، ص 86)، لەشاری تلمیسان جوڵەی بازرگانی هەبووە (الشاطبی،2008، ص 95)، لە شاری ئەسکەندەریەش هەموو جۆرە بازرگانیەك کراوەو چەند جۆرێك لە دراویان بەکارهێناوە، لەوانەش: درهەمی کاغەزی و چەند درهەمێکی دیکەی لە مسی سوور و زیو و مسی چینی دروستکراوە کە مۆری سوڵتانی لەسەر بووە، کە لەو سەردەمەدا کڕین فرۆشتنی پێدەکرا (الشاطبی، 2008، ص 107)، لەوڵاتی میسردا هەموو جۆرە بازرگانیەك کراوە تەنانەت چەندین شوێنی وەستانی کەشتی بازرگانی لە میسردا هەبووە لەوانە لە قاهیرە کە بە مرسی قاهیرە بەناوبانگ بووە، و مرسی بولاق و مرسی میسری بالیە و مرسی بوهەتەرە کە لەم شوێنانەدا چەندین بازرگانی کراوە لەوان بازرگانی شەکر کە هەموو رۆژ دوای عەسر خەڵکان لە ژن و پیاو و منداڵ لەو شوێنانەدا کۆدەبوونەوە تەنانەت ئەمە هەموو ڕۆژێك کراوە تەنانەت لە جەژنانیشدا (الشاطبی، 2008، ص 111)، جۆرەکانی دراو لە میسردا لە زێڕو زیوو مس دروست کرابوون بەتایبەت دراوی فلس کە لە مس دروستکرابوو کە بە دوو فلس دەتوانی نانێکی گەورە بکڕیت کە پیاوێك پێی تێری دەخوارد (الشاطبی، 2008، ص 114)، هەروەها باسی هەرزانی لە میسردا دەکات بەوەی ئەگەر مرۆڤ تەنها فلسێکی پێ بێت دەتوانی خۆی تێر بکات (الشاطبی، 2008، ص 114)،

هەرچی سەبارەت بە بازاڕە ئەوا لە مەراکش چەندین بازاڕ هەبووە و کڕین و فرۆشتنی تێدا کراوە (الشاطبی،2008، ص 82)، لێرەدا ئاماژەی بە دەرگای شاری بەلەد ئەلعیناب داوە کە چەند بازاڕێکی تێدا هەبووە کەبەشەو و رۆژ دانةخراون (الشاطبی،2008، ص 102)، لە شاری قەفصە بازاری کرین و فرۆشتنی لێ هەیە (الشاطبی، 2008، ص 104)، لە شاری میسر هێدە بازاڕ و دوکانی زۆر بووە هەروەك دەڵێت: (( کە لە ژمارە نایەن تەنها ئەگەر بە لیست بیاننووسمەوە)) (الشاطبی، 2008، ص 114)،

## 4: سیما و ڕواڵەتە شارستانیەکانی باکووری ئەفریقیا بە گوێرەی گەشتنامەکە:

4.1: دەزگا دامەزراوەکان:

1 - قەڵا و قوتابخانە و مزگەوت و شوێنە ئایینیەکان:

قەڵاکان: لە میسردا قەڵایەك هەیە کە زۆر بەهێزە و پێنج لە پاشاکانی تێدا دەژین کە ئافرەت و پیاون و گوێت لە دەنگی خوێندی قورئانیان دەبێت بە شێوەی تەرتیل دەیخوێنن (الشاطبی، 2008, ص 119)،

قوتابخانەکان: باسی چەند قوتابخانەیەکی کردووە لە شاری تلمیسان بەوەی ئەم قوتابخانەیە بەهەشتێك بووە لەسەر زەویدا، کە زۆر تۆکمە بنیاد نراوە لەڕووی بنمیچەوە و دەرگاکانی زۆر جوان و ڕازاوە بوون، هەروەها حەوزێك دروسکراوە لە ناوەراستی قوتابخانەکەدا بۆ گلدانەوەی ئاو، کە هێدە جوان و پاك بووە خۆت تێدا دەبینی، تەنانەت خواردنیش لەلایەن چاکەکارانەوە بۆ ئەو قوتابخانەیە دابین دەکرا(الشاطبی، 2008، ص 95)،

ب// مزگەوتەکان:

لە هەموو مزگەوتەکانی سەبتە خواردنی ترید پێشکەش دەکرێت کە نانی گەنمە لەگەڵ گۆشت (الشاطبی،2008, ص 79)، لە مەراکش ڕێژەی مزگەوتەکان زۆر بووە تەنانەت زۆر جار وتارەکان تێکەل دەبوون بەهۆی زۆرییانەوە هەروەها ئاماژەی بەوە داوە کە نێوانی مزگەتەمان سێ میل بووە (الشاطبی، 2008, ص 81)، لە شاری قەیرەوان مزگەوتێکی گەورەی لێیە (الشاطبی، 2008، ص 103)، لە شاری ئەسکەندەریە دوو مزگەوتی لێ بووە کە نوێژی تێدا کراوە لەوانە مزگەوتی عەزیز و مزگەوتی عەتارین و چەند مزگەوتێکی دیکەش هەبوون (الشاطبی، 2008، ص 107). لەشاری سەبتە خەڵکەکەی زۆر دیندار بوونە و هاوشێوەی ئەندەلوس دەڵی لە هیچ شارێکی دیکە هێندەم خەڵك نەبینیووە لە ڕۆژی هەیندا لە مزگەوتەکان کۆ ببێتەوە. ( ص 78)، لە شاری فاس ناوی مزگەوتێکی بردووە بەناوی قەرەوینە کە دەڵێت: (( هاوشێوەی مزگەوتەکانی میسرە لە جوانی ڕازاندنەوەی ڕووی دەرەوەی بە زێر (الشاطبی، 2008،ص 79). مزگەوتێکی گەورە لە شاری قەیرەوان هەیە (الشاطبی، 2008، ص 103)، لە میسردا زەیتی کەتانیان لەگەڵ زێڕ تێکەڵ دەکرد و مزگەوتەکاتنیان پێ دەڕازاندەوە هەروەها بۆ هەمان کار ئاوی زێریشیان بەکارهێناوە (الشاطبی، 2008، ص 109)، لە شاری قاهیرە مزگەوتی مردانی هەیە کە دیوارەکانی بە ئاوی زێڕ ڕازابۆوە و خاوەنی مزگەوتەکەش موفتی محمەمەد بەلقینی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بووە (الشاطبی، 2008، ص 113). لە میسردا مزگەوت هێندە زۆرە تەنها بەناوبانگەکانیان ئاماژە پێدەکەین لەوانە : مزگەوتی عەمرو کوری عاس و مزگەوتی ئەزهەر و مزگەوتی تۆلۆن و مزگەوتی مردانی و مزگەوت و قوتابخانەی سوڵتان حەسەن و قوتابخانەی سوڵتان بەرقوق و قوتابخانەی مەلیك ناسر (الشاطبی، 2008، ص ص 113- 114).

## 4.2: باری مێژووی و رامیاری و کۆمەڵایەتی و ئایینی:

### ا// لەرووی مێژووییەوە:

لە باسی شاری فاس دا ئاماژەی بەوە داوە کە ئەو شارە مێژوونووسان بیروبۆچوونی جیاوازیان هەیە هەندێکیان پێیان وایە کە ئەو ناوچەیە لە ڕێگەی ڕق و کینە و توندڕەوی سەرکردەکانی بەنی مەرین لەبەرەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا فەرمانڕەواییان کردووە، کە بە مولك و ماڵ و توانا و ماڵی هاوبەش و ئەسپەکانیان و جل و بەرگ و سەرباز و سەرکردایەتی کردنی میرنشین لە نەسرانی و عوبەیدیەکان شاری فاسیان گرت بەدەستەوە و کە لە ئەفریقیا بۆ قەیرەوان و لەوێوە بۆ سودان بوو تەنانەت توانیان بە هێز و توانای خۆیان پاشاکانی بەنی ئەسفەر تو{ە بکەن تەنانەت بیانترسێنن تا رادەی مردن (الشاطبی، 2008, ص 84).

یەکەم پاشایان کە زۆر بەناوبانگ بووە بەناوی ئەبولحەسەن[24] لە دوای ئەویش ئەبو عەنان[25] بووە کە هەردوکیان کەسی دیندار و شارەزای قورئان بوون، لە باسی ناوچەی عەبدولواددا ئاماژەی بەوە داوە کە ئەبی تاشفین یەکێك بووە لە پاشاکانی ئەو ناوچەیە، تەنانەت هیچ یەکێك لە پاشاکانی دیکە نەگەیشتوون بە ئاستی ئەو (الشاطبی، 2008، ص 85). ئەبی تاشفین کۆمەڵە کورێکی بەناوبانگی هەبووە، لەوانە: ئەبو تاشفین عەبدولڕەحمان دوای ئەو پاشا ئەبو زەیان و پاشا عەبدوڵا ، دوای ئەوانیش پاشا محەمەد کە بە پاشای سەردەم و یەکسانی و چاکەکاری ناوی دەرکرد بوو (الشاطبی، 2008، ص 86).

---

[24] ئەبولحەسەن: بە ئەبی عەلی حەسەنی مەرینیش ناسراو بووە، سوڵتانی مەغریب بووە لە بەنی مەرین، لە نێوان ساڵانی 739-749ك/ 1338-1348ز فەرمانرەوایی مەغریبی کردووە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە (الناصری،1954، ج2).

25 ئەبو عەنان: یەکێك بووە لە حاکمەکانی شاری فاس کە لە دوای باوکی دەسەڵاتی وەرگرتووە 749ك_1348ز کە دواتر لە لایەن وەزیرەکەیەوە دەخنکێنرێت. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە (الناصری،1954، ج2).

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**ب// لەڕووی سیاسی و سەربازیەوە:**

لە شاری مەراکش هیزی سەربازی زۆر هەبووە کەچی ئێستا ئاوەدانی تێدا کەمە(الشاطبی،2008، ص 89)، پاشاکانی بجایەی تونس زۆر یەکسان و دادپەروەرن(الشاطبی، 2008، ص 103)، لە میسردا چەندین سوارچاکی قەڵاکان هەن، کە بە پێی پلەکانیان لە کاتی نانی نیوەڕۆ و ئێواران گۆشت و نانیان بەسەردا دابەش دەکرێت لەوانەش: گۆشتی پەلەوەر و مەڕ، کە تەواوی دارودەستەی سوڵتان پارەیان لە بریکارەکان وەردەگرت (الشاطبی، 2008، ص 118). ئەوەی دەتەوێ ببینی لە ڕووی سەرباز و سوارچاك و ژمارەی جەنگاوەر و شمشێرەکانیان و هێز و بەرگری و ژمارەیان لە ڕووی دەریای و وشکانی ئەوا لە میسر درکی پێ کراوە (الشاطبی، 2008, ص 119).

**ج// باری کۆمەڵایەتی:**

1// ڕەگەزەکان:

لە شاری مەراکش ئەعجەمیەکان ژیاون کەمەبەستی ئەمازیغ و بەرەبرەکانە (الشاطبی، 2008، ص 81)، خەڵکی تونس باپیرە گەورەیەکیان هەبووە بە ناوی (قضوع بن قضعه بن مالك بن وائل بن حمير بن سبا)، بەڵام خەڵکەکەی خۆیان بۆ ئەمانە ناگێڕنەوە بەڵکو زیاتر خۆیان دەخەنە سەر نەتەوەکانی دیکە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمانە عەرەبن و لە نەوەکانی قەحتان و حمەیرن، بەڵکو بەهۆی ئەوەی کە توشی شەڕشۆڕ دەبن ناوچەی خۆیان بەجێدەهێڵن و بێ بنەچە دەمێننەوە, بۆیە خۆیان بۆ نا عەرەبەکان دەگێڕنەوە. (الشاطبی، 2008، ص 100). لە شاری بەلەد ئەلعیناب دەڵێت: (( لە ماوەی سەفەرەکەم هەرگیز یەهودیم نەبینیووە کە خەریکی کشتوکاڵ کردن بن و تەنها لە شاری ئەلعیناب نەبێت کە خەریکی چاندن و دوورینەوە و خوێندن و کۆکردنەوە پاراستن بن کە ئەمەش شتێکی سەیر بوو بەلامەوە)) (الشاطبی، 2008، ص 103). لە شاری ئەسکەندەریە ئەوەی دەبینرێت شوێنی کۆبوونەوەی چەندین تیرەیە لەوانە: هەندێك لە تیرەکانی ڕۆم لەوانەش ئیفرەنجیەکان و بردقال و فنشی و قتلانی و ئیفرانسی و جەنەوی و بوندوقی و حەبەشی و قوبروسی و سەقلی ، هەروەها لەڕۆژی هەینی دەرگای بازاڕەکانیان لەسەر دادەخرێت بۆ ئەوەی نوێژی هەینیان نەچێت، هەریەکیکیش لەو تیرانە قونسلی خۆیان هەیە کە ئەم قونسلەش بەرپرسیاریەتی ئەمن و ئاسایشی ئەو تیرەیە لە ئەستۆ دەگرێت و کە خۆی و ماڵ و منداڵیشی لەو ناوچایە دەمێننەوە (الشاطبی، 2008، ص 108).

**2// هۆز و تیرەکان:**

لە شاری فاس هۆزەکانی بەنی مەرین هەن کە خاوەن ڕێز و چاکەن، هەرچی هەیان بووە، لە ئەسپ و ئێستر و هەموو ئەوانەی بەدەستیانەوە بوو بێت لە شتە حەڵاڵەکان بەخشیویانە (الشاطبی، 2008، ص 88). لە ناوچەکانی نێوان تەرابلوس و ئەسکەندەریە چەند هۆزێکی لێ هەیە وەك بنەماڵەی حمەیر و عەدنان کە ئەمانە زۆر دەسکراوەن و یارمەتی هەژاران و لێقەوماوان و ئەوانەی گەشت دەکەن و شارە و شار دەگەڕێن دەکەن (الشاطبی، 2008، ص 104)، ئەوانە کڕین فرۆشتن بە پارە ناکەن تەنها کەل و پەلەکانیان دەگۆڕنەوە، بەتایبەت لە گۆڕینەوەی ئاژەڵەکانیان لە مەڕوماڵات و مانگا و .... (الشاطبی، 2008، ص 104).

**3// داب و نەریت:**

خەڵکی زۆر نەرم و نیان و چاونەترسن، هەروەك ئاماژەی بەوە داوە کە خودای گەورە بۆ میوانداری دروستی کردوون، هەروەها خەڵکی مەراکش خەڵکێکی چاونەترس و لووت بەرز بوونە هاوکات خەڵکێکی زۆر تێکۆشەر بوون (الشاطبی، 2008، ص 81)، لەلایەکی دیکەشەوە ئاماژەی بەوە داوە کە پیاوانی ئەو ناوچەیە زۆر بەهێز و بە ئابڕوو بوون تەنانەت بە هیچ شێوەیەك بەناوی یەکتر بانگ ناکەن تەنها نازناویان نەبێت (الشاطبی، 2008، ص 81). خەڵکی فاس زۆر بەخشندە و دەست کراوە(الشاطبی،2008، ص 88)، باسی پیاوانی شاری وەهرانی کردووە لە ناوچەی بەنی عەبدالواد ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە پیاوانیان شەڕکەرن و سەرکردەی شەڕن (الشاطبی، 2008، ص 95)، هاوکات باسی لەوە کردووە کە خەڵکی وەهران هێندە دڵنەرم باش و بەڕێزن ئەگەر کەسێکی غەریبە بکەوێتە ناویا هەرگیز هەست بە غەریبی خۆی ناکات، هاوکات دەڵێت ئەو باشی و دڵنەرمیەشیان لە ئیمانەوەیە، هەروەها ئەوان بۆ دراوسێیەتیش کەسانی زۆر باشن(الشاطبی، 2008، ص 95).

هەروەها لەبارەی خەڵکی سەبتە باسی لەوە کردووە کە ئەو خەڵکە هەڵبژێردراو بوون بە تایبەت لەڕووی جل و بەرگ و پاك و خاوێنیانەوە هەروەها بە خەڵکی زۆر باش ناویان دەبات(الشاطبی، 2008، ص 81)، هەروەها لە شاری فاس پیاوانیان ژنیان زۆرە، تەنانەت هەر پیاوێك ئەگەر فلسێکی هەبێت تەنیا لە هاوسەرگیریدا خەرجی دەکەن، بەدەر لەمەش ئافرەتانیان قەڵەون و کوتراو و تاتۆیان زۆرە هەروەها پیاوانیشیان تاتۆیان هەیە (الشاطبی، 2008، ص 89).

هەروەها لە شاری فاس ئاماژە داوە کە خەڵکی ئەو ناوچەیە زۆر دڵنەرم بوون لە یارمەتیدانی هەژاران و لێقەوماوان (الشاطبی،2008، ص 86)، هەروەها شانازی بە خەڵکی فاس دەکرێت لە لایەن عەجەم و عەرەبەکانەوە لە هەموو بارەکاندا (الشاطبی، 2008 ، ص 86). شاری قەفصە خەڵکەکەی هەڵبژێردراون (الشاطبی، 2008، ص 104)،لە شاری تونس خەڵکەکەی هەر خەریکی کۆکردنەوەی ماڵ و سامانن و تەنانەت پیاوەکانیان تێر بە سکی خۆیان نان ناخۆن، بە پێچەوانەوە ئافرەتەکانیان زۆر خۆرن و قەڵەون و ناتوانن لەسەر پێیەکانی خۆیان بڕۆن لەبەر قەڵەویان (الشاطبی، 2008، ص 103). لە لای خەڵکی میسر شتێکی ناچاری بوو دەبوو هەموو رۆژێك پیاوانیان پارە بدەن بە ژنەکانیان بۆ کرینی پێداویستی خۆراك، لەلایەکی دیکەشەوە باسی لەوە کردووە کە ئەو خەڵکە زۆر ڕازی بوون هەرگیز بە سکی خۆیان تێریان نەخواردووە، بگرە ئەگەر شتێك بۆ خۆیان بخۆن بەشێکی بۆ کەسێکی دیکە جێدەهێڵن (الشاطبی، 2008، ص 115).

لە هەمان کاتدا باسی لەوە کردووە کە ئافرەتانی میسر جۆرێك لە شەرواڵیان لەبەر بووە، جۆرێك لە پارچەیەکی تەنکیان لەسەر شەرواڵەکە لەبەر بووە، هەروەها لە میسردا یەکێك لە شتە جیاوازەکانیان ئەوەیە کە هەزار گوێدرێژی ڕازێندراوە هەبوو کە پیاوان و ئافرەتان سەردەکەوتن، کە خاوەن گوێدرێژەکان ڕەشمەی گوێدرێژەکانیان بۆ ئافرەتەکان دەگرت، بەڵام پیاوەکان خۆیان سەردەکەوتن، جیاوازیەکی دیکەش ئەوەیە کە مریشکەکانیان لەلایەن خەڵکانێکەوە بەکرێ بۆیان بەخێو دەکرێت بە شێوەی مەڕوماڵات و لە ڕووباری نیلیش ئاودەدرێن (الشاطبی، 2008، ص 116)، هەروەها یەکێکی دیکە لە داب و نەریتی خەڵکی میسر ئەوەیە کە لە ڕۆژی هەینیدا بە ئاژەڵی فیل دێنە دەرەوە و لە نیو بازارەکان پێی دەسوڕێنەوە، هەروەها خەڵکانێکن زۆر سەڵاوات لەسەر پێغەمبەر (د.خ) دەدەن (الشاطبی، 2008، ص 116).

د// ڕەوتی زانستی:

لە شاری مەرکش زانا و شێخی زۆر هەبوون، هەروەها مەزار و گڵکۆی هەبووە بەتایبەت گڵکۆیەکی گەورە لە سەر گۆری دادوەر (عیاض کوری موسای یەحسەبی) ، هەوەها گۆڕی ئیمام مەهدی لەو شارەدا هەبووە کە زانایەکی پر لە زانست بووە، بەتایبەت لە ئسوڵ و هونەری یەکتاپەرستی و فیقهداهەروەها مەزارێکیش لەسەر گۆرەکەی بنیادنراوە (الشاطبی، 2008, ص 82)، لە شاری فاسدا چەند زانایەکی ناودار هەبوون، لەوانەش ئەلفاسی کە شیکردنەوەی کتێبی شاتبیەی گەورەی کردووە. ئەلجوزەلی کە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کە شیکردنەوەی کتێبەکەی ئیبن ئەبی زەیدی قەیرەوانی کردووەو ناوچی چەندی زانای دیکەی بردووە وەك عەبدوسی و قشتالی و محەمەد کوری عەرەبی کە سەرچاوەی زانست و هێزی زانستی مەغریب بووە (الشاطبی،2008، ص 87) ، لە شاری تلمیسان کۆمەڵێك زانا و فێرخواز هەبوون، هەروەها چند قوتابخانەیەکی ئایینی هەبووە کە چەندین خوێنەر و فێرخواز وانەیان تێدا خوێندووە، هەروەها ئاماژەی بەوە داوە قوتابخانەی دادوەری هەبووە، کە دادوەری پیاو چاك و یەکسان و بەرێزی وەك سەعید عوقبانی[26] کە کەسێکی زیرەك و بەتوانا و شارەزاو پڕ زانست و زانیاری بووە هەروەها موفتی سەردەمی خۆی بووە، لەو قوتابخانەیە دادوەر بووە (الشاطبی، 2008، ص 94). هاوەکات باسی لەوە کردووە کە گۆڕی سەیدی مەروان لە شاری بەلەد ئەعینابە (الشاطبی،2008، ص 103)، هەروەها گۆڕی زانا ئیبن ئەبی زەید[27] لە شاری قەیرەوانە (الشاطبی، 2008، ص 103)، لە شاری ئەسکەندەریەی میسر باسی دوو پیاو چاکی کردووە کەگوایە ئەوانە شێخن و مەزراریشیان هەبووە ئەوانیش ئیمام و شێخ ئەبی قاسم کوری ئەبی خەلەف کوری فیرەی رعەینی شاتبی[28] ، هەروەها لە باب ئەلبەحری لە ئەسکەندەریە گۆڕی سەیدی مورسی[29] لێیە (الشاطبی، 2008، ص 107)، لە شاری قاهیرە لە ڕۆژی پێنج شەمە لە وانەی سەید محەممەد کە موفتی بووە و کە سێکی زۆر شارەزای ئایین بووە ئامادە بووم لە مزگەوتی عەمری کوڕی عاس، هەروەها لە وانەیەکی دیکەی لە قوتابخانەی سوڵتان بەرقوق و لە یەکێکی دیکە لە مزگەوتی ئەزهەر و هەروەها لە مزگەوتی ئیبن تۆڵۆنیش ئامادە بووم(الشاطبی، 2008، ص 113)، لە خاکی میسر باسی گۆڕی خاتوو نەفیسەی کردووە کە ئافرەتێکی بەناوبانگ و بە

[26] ئەبو سەعید عوقبانی: بنەچەی دەگەڕێتەوە بۆ گوندی عوقبانی ئەندەلوس، کە ماوەی 40 ساڵ کاری دادوەری کرددوە لە تلمیسان لە 720 ك/ 1211زلە دایك بووە و لە 811ك/ 1408ز کۆچی دوایی کردووە. (النویهض، 2011، ج1، ص 236).

[27] ئەبی زەید: بە مالیکی بچوك ناوی هاتووە لەبەر گرنگی دانی زۆری بە مەزهەبی مالیکی لە قەیرەوانی تونس لە 310ك/ 922ز لەدایك بووە و لە 386ك 996ز کۆچی دوایی کردووە، ناوبراو یەکێك بووە لە دیارترین پێشەواکانی مەزهەبی مالیکی. (الذهبی، ج12، ص 490).

[28] ئەبی قاسم کوی ئەبی خەلەف: وا دیارە گۆڕی ئەو شێخە لە ئەسکەندەریە نیە بەڵکو نوسەر بەهەڵە شوێنەکەی لەو شارە دیاری کردووە بەڵکو گۆڕەکەی لە شاری قاهیرەیە. (الذیل والتکمیلة، ج5، ص ص 548- 557).

[29] سەیدی مورسی : کە ناوی ئەبو عەباس ئەحمەد کوری محمەد کوری مەبثوت لخەمی مولی بووە کە بە سەیدی مورسی بەناوبانگ بووە، لە ساڵی 625ك/ ز مردووە. ( ابن عبد المراكشي، ج1، ص 486).

ئیمان بووە هەروەها گۆڕی خاتو ئاسیا کچی مزاحم کە خێزانی فیرعەون بووە، و گۆڕی پێشەوا ئادم کوڕی محەمەد کوڕی ئیدریس شافعی، و گومەزێکی گەورە لە سەر گۆڕی افی بنیاد نراوە، هەروەها لەسەر گۆڕی خاتوو نەفیسەش گلکۆیەکی لەسەر بنیات نراوە کە بۆنی زەعفەرانی لێدێت، هەروەها لەو شوێنانە خورادن دابەش دەکرێت ساڵە و ساڵ (الشاطبی، 2008، ص 125).

ھ// ئایینی:

لە ڕووی ئایینیەوە خەڵکی مەرکش موسڵمان بوون و لە ڕووی ئاینزاییەوە سونە مەزهەب بوون, کە کار بە چاکە دەکەن و دژی خراپەن(الشاطبی، 2008, ص 81). لەلایەکی دیکەشەوە باسی خەڵکی شاری سەبتە دەکات بەوەی کە زۆر دیندار بوون، بەتایبەت لە ڕۆژی هەیینیدا کە خەڵکێکی زۆر لە مزگەوت کۆ دەبنەوە کە دەڵێت: (( ئەوەم لە هیچ شوێنێك نەبینیووە، جگە لە ئەندەلوس)) تەنانەت بە ئەندەلوسی بچووك ناوی ئەو شارەی بردووە (الشاطبی، ص 81). لەلایەکی دیکەشەوە لە باسی شاری فاس ئاماژەی بەوە داوەکە ئەو شارە چەندین زاناو قورئان خوێنی هەبووە کە لە تەواوی زانستەکانی ئایینی و دونیایی شارەزا بوون(الشاطبی، ص 79)، هەروەها خەڵکی فاس بە ئەهلی کۆتایی ناودەبات کە شەو و ڕۆژ پیاوان و ئافرەتانیان خەریکی خێر و چاکە و بەخشینن و هەر خەریکی پەرستشن (الشاطبی، ص 89)، شاری قەفصە شارێکی زانستیە کە پڕە لە خوێنەران و فەقیهەکان لەو شارەدا کۆبوونەتەوە (الشاطبی، 2008، ص 104).

## ئەنجام:

1-گەشتیار و وڵاتناسان یەکێکن لە سەرچاوە گرنگەکانی لێکۆڵینەوەی مێژووی بۆ زانیاری لەسەر نەتەوە و شوێنگە جوگرافیەکان, بەتایبەت کەسێکی وا بە وردی و بە دیقەتەوە شتەکانی تۆمار کردووە.

2-لەم توێژینەوەیە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە شاتبی سەردانی ناوچەکانی باکوری ئەفریقیای کردووە و خۆی زۆر ڕووداوی ناوچەکەی بینیووە، بەدەر لەمەش لە هەندێك لە ناوچەکان ماوەیەك ماوەتەوە و ژیاوە و باسی داب و نەریت و مۆرکە شارستانیەتیەکانی ئەو ناوچانەی کردووە.

3-ئەوەی تێبینی دەکرێت لە گەشتنامەکەی شاتبیدا زیاتر تیشکی خستۆتەسەر بنیادنانی شارەکان و گرنگیەکەیان لە مێژووی ئەفریقیادا کە چەندە ئاوەدان و شوێنگەی پێگەیاندنی زاناکان بووە.

4-لایەنی ئابووری و رۆشنبیری یەکێکن لەو تەوەرە گرنگانەی کە شاتبی لە نێو گەشتنامەکەی خۆیدا جێگەی کردۆتەوەو بە گرنگیەوە سەیری کردووە بەڵکو لە زۆربەی ناوچەکان کاتێك هاتووە باسی کردوون جەختی لەسەر ئەم دوو لایەنەش کردۆتەوە.


## سەرچاوەکان:

1-ابن ابى زرع الفاسى: ابى حسن على بن عبدالله بن ابى زرع الفاسى (ت:726هـ / 1326 م ), 1972، الانيس المطرب بروض القرطاس فى اخبار ملوك المغرب وتاريخ مدينه فاس، تحقيق: كارل بوحسن نور تبرغ، دار الصور للطباعة والنشر، الرباط.
2-ابن الجوزي: جمال الدين أبو الفرج عبد الرحمن بن علي الجوزي (ت: 597هـ/ 1200م), 1992, المنتظم في تاريخ الملوك والأمم, المحقق: محمد عبد القادر عطا، مصطفى عبد القادر عطا, دار الكتب العلمية، بيروت.
3-ابن الوردي : سراج الدين أبو حفص عمر بن المظفر بن الوردي، البكري القرشي، المعري ثم الحلبي (المتوفى : 852هـ), 2008، خريدة العجائب وفريدة الغرائب, تحقيق: أنور محمود زناتي، مكتبة الثقافة الإسلامية ، القاهرة.
4-ابن بطوطة: محمد بن عبد الله بن محمد بن إبراهيم اللواتي الطنجي، أبو عبد الله، ابن بطوطة (المتوفى: 779هـ), 1996, تحفة النظار في غرائب الأمصار وعجائب الأسفار, أكاديمية المملكة المغربية، الرباط.
5-ابن حوقل: محمد بن حوقل البغدادي الموصلي، أبو القاسم (المتوفى: بعد 367هـ), 1938, صورة الأرض, دار صادر، أفست ليدن، بيروت.
6-ابن خلدون: عبد الرحمن بن محمد بن محمد، أبو زيد، ولي الدين الحضرمي الإشبيلي (المتوفى: 808هـ), 2004, رحلة ابن خلدون , تحقيق: محمد بن تاويت الطَّنجي, دار الكتب العلمية، بيروت.
7- 1988 , تاريخ ابن خلدون, المحقق: خليل شحادة, الطبعة: الثانية، دار الفكر، بيروت.
8-ابن عبدالملك المراكشي: ابن عبدالملك الانصاري الاوسي المراكشي, (2012), الذيل والتكملة لكتابى الموصول والصلة، تحقيق: محمد بن شريفة و احسان عباس, دار الغرب الاسلامي, تونس.
9-أبن فضل الله العمري، (المتوفى: 749هـ)، 2002 , مسالك الأبصار في ممالك الأمصار, الناشر: المجمع الثقافي، أبو ظبي، الطبعة: الأولى، دار الناشر, بيروت.
10-ابن هشام: عبد الملك بن هشام بن أيوب الحميري المعافري، أبو محمد، جمال الدين (المتوفى: 213هـ), التيجَان في مُلوك حِمْيَرْ , مركز الدراسات والأبحاث اليمنية, مركز الدراسات والأبحاث اليمنية، صنعاء.
11-الادريسي: محمد بن محمد بن عبد الله بن إدريس الحسني الطالبي، المعروف بالشريف الادريسي (المتوفى: 560هـ), 1988, نزهة المشتاق في اختراق الآفاق, عالم الكتب، بيروت.
12-الاصطخري: أبو اسحاق إبراهيم بن محمد الفارسي الاصطخري، المعروف بالكرخي (المتوفى: 346هـ) 2004, المسالك والممالك, دار صادر، بيروت.
13-البكري: أبو عبيد عبد الله بن عبد العزيز بن محمد البكري الأندلسي (المتوفى: 487هـ), 1992, المسالك والممالك, دار الغرب الإسلامي, د.م.
14-الجزائري: مبارك بن محمد الميلي الجزائري (المتوفى: 1364هـ), 1986م, تاريخ الجزائر في القديم والحديث, تحقيق: محمد الميلي, المؤسسة الوطنيّة, الجزائر.
15-الحازمي: أبو بكر محمد بن موسى بن عثمان الحازمي الهمداني، زين الدين (المتوفى: 584هـ), 1994, الأماكن أو ما اتفق لفظه وافترق مسماه من الأمكنة, المحقق: حمد بن محمد الجاسر, دار اليمامة, الاردن.
16-حسن الوزان: الحسن بن محمد الوزان الزياتي الفاسي معروف بليون الافريقي(ت:960 هـ / 1552م), 1983, وصف افريقيا، ترجمة عن الفرنسية، محمد حجي و محمد الاخضر، دار الغرب الاسلامي، ط2، بيروت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

17-الحِميرى: أبو عبد الله محمد بن عبد الله بن عبد المنعم الحِميرى (المتوفى: 900هـ), 1980, الروض المعطار في خبر الأقطار, المحقق: إحسان عباس, مؤسسة ناصر للثقافة, الطبعة: الثانية، بيروت .
18-عادل نويهض: (2011)، معجم المفسرين من صدر الاسلام حتى وقت الحاضر، ط 3، مؤسسة نويهض الثقافيه، بيروت.
عالم الكتب، بيروت.
19-عبدالرحمن زكى، (1996)، القاهره تاريخها واثارها(969- 1825م ) من الجوهر القائد الى الجبرتى المؤرخ ، دار المصر الحديثه للتأليف و الترجمة، مصر.
20-علي جزنائي, 1991, جنى زهره فى الاس في بناء مدينة فاس, تحقيق: عبدالوهاب ابن منصور, مطبعة الملكية، ط2، الرباط.
22-القزويني: زكريا بن محمد بن محمود القزويني (المتوفى: 682هـ), د.س, آثار البلاد وأخبار العباد : دار صادر - بيروت
23-كاتب مراكشي (توفي: ق 6هـ), 1986 ,الاستبصار في عجائب الأمصار, دار الشؤون الثقافية، بغداد.
24-المعافري : عبد الملك بن هشام بن أيوب الحميري المعافري، أبو محمد، جمال الدين (المتوفى: 213هـ) يرويه عن أسد بن موسى عن أبي إدريس ابن سنان عن جده لأمه وهب بن منبه رضي الله عنهم, 1928ز,
25-المقدسي : شمس الدين محمد بن ابي بكر (ت: 381ه/ 991م), 1980 , أحسن التقاسيم في معرفة الأقاليم, تحقيق : غازي طليمات, وزارة الثقافة والارشاد القومي, دمشق.
26-المقريزي: أحمد بن علي بن عبد القادر، أبو العباس الحسيني العبيدي، تقي الدين المقريزي (المتوفى: 845هـ),1997, المواعظ والاعتبار بذكر الخطط والآثار, دار الكتب العلمية، بيروت.
27-المنجم: إسحاق بن الحسين المنجم (المتوفى: ق 4هـ),1987, آكام المرجان في ذكر المدائن المشهورة في كل مكان
28-المهلبي: الحسن بن أحمد المهلبي العزيزي (المتوفى: 380هـ),2006, الكتاب العزيزي أو المسالك والممالك, تحقيق: تيسير خلف، دار التكوين, دمشق.
29-ناصر خسرو: 1983 أبو معين الدين ناصر خسرو الحكيم القبادياني المروزي (المتوفى: 481هـ), سفر نامه, المحقق: يحيى الخشاب, الطبعة: الثالثة، دار الكتاب الجديد – بيروت.
30-الناصري: الشيخ ابو العباس بن احمد بن خالد (المتوفى: 1315هـ), (1954), الاستقصاء لاخبار دول المغرب الاقصي, تحقيق: جعفر الناصري و احمد الناصري, ج2, دار البيضاء. بيروت.
31-ياقوت الحموي: شهاب الدين أبو عبد الله ياقوت بن عبد الله الرومي الحموي (المتوفى: 626هـ), 1995 م, معجم البلدان, الطبعة: الثانية, دار صادر، بيروت.
32-اليونيني: قطب الدين أبو الفتح موسى بن محمد اليونيني (المتوفى: 726 هـ), 1992, ذيل مرآة الزمان, دار الكتاب الإسلامي، الطبعة: الثانية، القاهرة.

**پاشكۆ:**



گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# North Africa From Ibn Sabah Al-Shatibi's Journey

**Sharmen Kreem Abdulrahman**
Department of History, College of Arts, Sallahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Sharmen.bdulrahman@su.edu.krd

***Keywords:*** *The trip, North Africa, Islamic State, knowledge, City.*

## Abstract:

This research, under the title North Africa from Ibn Sabah Al-Shatibi's Journey, made it clear that the traveler Ibn Sabah made his journey in the eighth century AH / fourteenth century AD, to the eastern regions, especially to the areas subject to Islamic rule, when Andalusia was under Christian rule, and it was His goal in this trip is the Hijaz, for the purpose of Hajj, and from here the trip had another name, which is the Hijaz trip, and accordingly the research came in two sections: the first topic, the life of Ibn Sabah Al-Shatibi and his methodology in writing his trip, and the second topic describing North Africa from his trip and the civilized face of its regions From the civilizational construction such as a mosque and schools, mental and religious sciences, as well as scientific and economic life, especially agriculture, industry, trade and others, which was filled with the vocabulary of the trip when he passed through North Africa.

---

# شمال افريقيا من رحلة ابن صباح الشاطبى

## ملخص:

هذا البحث تحت عنوان شمال الافريقيا من رحلة ابن صباح الشاطبي، أوضح جليا ان الرحالة ابن صباح قام برحلته في القرن السابع الهجرى/ الثالث العشر الميلادي، إلى المناطق الشرق، بخاصة الى المناطق التي تخضع للحكم الاسلامي، عندما كانت الاندلس تحت الحكم النصراني، وقد كان هدفه فى هذه الرحلة هو الحجاز، لغرض الحج، ومن هنا كان للرحلة اسم آخر، هو الرحلة الحجازية، وعليه جاء البحث في مبحثين : المبحث الاول حياة ابن صباح الشاطبي و منهجيته فى كتابة رحلته، والمبحث الثاني وصف شمال افريقيا من رحلته و الوجه الحضاري لمناطقها، من البناء الحضاري كمسجد و المدارس العلوم العقليهة والنقليهة، وكذلك الحياة العلمية

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

والاقتصادية خاصةالزراعه والصناعة والتجارة وغيرها، مما حفلت به مفردات الرحلة عند مروره بشمال أفريقيا.